رامان

لە تیشکی تێکەڵاو
بە هەورە داخزیوەکانی
سەر قژ و بەژنی چیا!!

نووسەر:
سەید ئەحمەد حەسەنی‌فەرد

رامان

له تیشکی تێکەڵاو

به هەورە داخزیوەکانی

سەرقژ و بەژنی چیا !!

رامـــــان

له تیشکی تێکەڵاو

به هەوره داخزیوەکانی

سەرقژ و بەژنی چیا !!

نووسەر:

سەید ئەحمەد حەسەنیفەرد

شابک	:	۹۷۸-۹٦٤-۷۹۷۰-۹۸-۳
شماره کتابشناسی ملی	:	٤٤٤۷۲٤۷
عنوان و نام پدیدآور	:	رامان: له خۆرەتاوی تیکەلاو بە هەورە داخزیوەکانی سەرقژ و بەژنی چیا!!/ نووسەر سەیدئەحمەد حەسەنیفەرد.
مشخصات نشر	:	مهاباد: هیوا ۱۳۹۵.
مشخصات ظاهری	:	۱۳۲ ص.
یادداشت	:	کردی.
عنوان دیگر	:	له خۆرەتاوی تیکەلاو بە هەورە داخزیوەکانی سەرقژ و بەژنی چیا!!.
موضوع	:	شعر مهابادی -- قرن ١٤
موضوع	:	Mahabadi poetry -- ۲۰th century
موضوع	:	شعر کردی -- قرن ١٤
موضوع	:	Kurdish poetry -- ۲۰th century
رده بندی دیویی	:	۹/۱۲ فا۸
رده بندی کنگره	:	۱۳۹۵ ٥ح۸٤۳م/ PIR۳۲۵٦
سرشناسه	:	حسنیفرد، سیداحمد، ۱۳۱۹ -
وضعیت فهرست نویسی	:	فیپا

ناوی کتێب: رامـــان

لەتیشکی تێکەڵاو

بە هەورە داخزیوەکانی

سەر قژ و چیا!!

نووسەر: سەید ئەحمەد حەسەنیفەرد

ناشر: انتشارات هیوا

پەربەندی و رووبەرگ: ئاوات حەکیمزادە

بەرگەژمێر: ۱۰۰۰

ساڵی چاپ: بەهاری ۱۳۹۶

پێڕست

پێشەکی		١
بەشی یەک	هێنانی گڕ	٩
	بێ سنووری	١٠
	ڕازێکی نەشەمزاو	١١
	پرسیار	١٤
	شەوانە	١٩
	باوەڕ و سام	٢١
	کام سەدە	٢٤
	ئاماژە	٢٦
	زەبری نزا	٢٧
بەشی دوو	دووبەیتییەک	٢٩
	ڕازی تەلان	٣٠
	ژین	٣٢
	خەورەوێن	٣٥
	کۆچ	٣٧
	نیگایەک	٣٩
بەشی سێ	دووبەیتییەک	٤٢
	ورە	٤٣
	بووژانەوە	٤٥
	بێ ناو	٤٦
	ئاواتێک	٤٧

شاباڵی دڵ ٤٨
پەلی ئاوات ٤٩
کەروێشکە ٥٠
مردن ٥١
کێ بوون؟ ٥٢
؟!! ٥٤
بەشی چوار دووبەیتییەک ٥٦
چەند هەنگاو لەگەڵ ٥٧
پاشکۆ ٦٣
بەشی پێنج رامان ٧٠
تالانی دڵ ٧١
تەونی ٧٢
تیری ئاگرین ٧٤
مەیکەدە ٧٥
بەشی شەش: دوو نەمری موکریانی ٧٧
وەفایی ٧٨
لە پرسەی نەمرێکی موکریانیدا ٨٢
بەشی حەوت: چەند کورتە پەخشان ٨٨
گەڕانەوە ٨٩
کام فەلسەفە ٩٢
کام زاراوە ٩٦
هەڵە ٩٩

دە-لە ١٠١

بەشی هەشت

کام نەتەوەین ١٠٣

بی نام ١٠٤

دست حسد ١٠٥

نوای غم ١٠٦

چەند دێڕێکی لێک نەبان ١٠٨

کۆچ ١٠٩

ئەگەر ١١١

رابوون ١١٢

اقبال ١١٣

خێل ١١٤

ئازەری چ زمانێکە ١١٨

چەند بەرهەمێک لە نووسەر ١٢٣

پێشەکی

ا

پێشەکی

زانستی رۆژ باڵاتر لەوە بووە: کە من توانیبێتم ئامانجەکانم بە رێک و پێکی بپێکم!! بەڵام وێ دەچێ چەند تیرێکم بە هەڵە لە کەوان نەترازابێ؟

هەر بۆیە دوای ماوەیەک لە بەدوادا رۆیشتنی هێڵە ناهەموارەکانی ژیان، زۆرم پێ نابەدڵ نەبوو وەک هاواڵێک بۆ دڵی تەنیام، بەلاوێنی پەخشان دەوری چەند دانەیەک لەپۆلی رەوەک و چیایی مەلی شێعر بتەنم کەئەگەر پەلەوەرێکن دڵ بزوێن، با بازرە نەبن، ئەگەر دزێویشن، با تەیمانەی پەخشان بیانشارێتەوە.

نایشزانم چۆنم کەوی کردوون!؟

دیارە بەشێکی زۆر لەبەرهەمی وڵاتی ئێمە وەک دێمەکارێک بە بارانی هات و نەهات شین بوون و خەت و شوێن و کەردوویان بۆ نەکێشراوە.

رەنگە هەر وایش بێ، لە زۆر شوێن دا تەڕەکاری ئێستانە دێم گەلێک بەتام و لەزەت تر بووە لە ئی بەراوی یەکجار بەرێ و جێیش.

بەڵێ: خوداپێداوەکان لە کاتی موتاڵا دا کە گەیشتنە هەر مەتڵەبێکی نوێ، لە ڤیشی چەند دێڕی دا بە تەرتیبی ئەلف و بێ

رایان دەگرن و لە کاتی خۆی دا بۆ مەبەستی پێویستیان تەنانەت لە شێعریش دا کە نیازی بە زانینی فەلسەفەی رۆژە، بەهرەیان لێ وەردەگرن.

با جار و بارە دەرە دزەیەکیش بەرەو ئەدەبی هەندەران کرابێ، بەڵام ئاواتی منی دەست پەروەردەی هەرێمێکی رانەهاتوو بەو شێوەکارە، هەر ئەوە بووە کە بەرهەمی کەمی بێستانە دێمەکەم، بۆخۆم و بۆ رێبـوارانی باریـکە رێی بەر ئەو دێمـەکارە ببێتە بەهرەیەک، بێ ئەوەی بچینە رنینەوەی .....

دنیای روونی من لە چاو هەڵێنانەوە کە ٢٥ گەلاوێژی ساڵی ١٣١٩ی کۆچی هەتاوی بەرامبەر بە ساڵی ١٩٣٩ی زایینییە تا ئێستا موکریان بووە، تەنیا چوار ساڵێک لە زانکۆ تاران کۆمەڵناسیم خوێندووە و گەڕاومەتەوە ئەو دەڤەرەی کە بە وەیشوومەی زستانیشیەوە هەر وەرزێکی بە هەوێنی سروەی بەهاران رەنگی گرتووە و بۆتە رووگەی دڵ بە کوڵان.

جا رەنگە ئەو هێزەی کە دڵ دەیلێ، شاباڵی خامە نەیبووبێ، بەڵام ئەگەر لە سەر کانیاوی بەر دارەبەنێکی لێرەواری وڵاتەکەم، کۆشکێک، چل چرایەک، هەروەها قافیەی شێعریشم لە تاڵ بە تاڵی بسکی دڵدارێکی دەسکردی خەیاڵ ساز کردبێ، بۆ ئەوە بووە تا بڵێم: منیش لە پیت و بەرەکەتی هەرێمێکی ئاوا بژوێن بێ بەش نەبووم.

دیارە ئەم چەند خاڵەش لەم کورتە نووسراوە دا لە بەر چاو گیراون.

١- بەشی زۆری شایی و زەماوەندی کوردەواری دەکەوتنە بەر سارد و سەرما و بە گۆرانی و سەربەندی «پایزە لە من و درەنگە لە تۆ» دەست پێ دەکران.

ئێستایش ئەگەر بمانەوێ دیلان گێڕی بووکی شێعر بین، بۆ ئەوەی لە تەف و لەرزی سەرما و سەخڵەتیی بپارێزین، نە تەنیا کراسی ناسک و تەنکی ئەدەب، دەبێ بە سەرپۆشی گەرمی فەلسەفی، مێژوویی و کۆمەڵایەتیش بیرازێنینەوە.

******

٢- شێعری ئەمڕۆ مەلێکن ئازاد، چریکەیان هان دەری هەست و ئیحساسە، بەرەو ژینێکی بێ خەوش و ساکار.

با شێعر خنکاوی بەحری مەزید و نایرە و داکراوی بەندی ریدف و قەید و قافیە نەبێ، بەڵام هیندێک لە شێعری ئەمڕۆ پەخشانن ئەوەندەش نەخشین، کە زمان لاڵ دەبێ بڵێ: وەزنیش دەورێکی بەرزی بزوێنی هەیە.

با هەودای ئەم لێکدانەوە نەخرێتە سەر خەرەکی بنەڕەتی هونەر کە لە دوا دانی دەوێ. بە کورتی زیاتر دوای وەرگێرانی هونەری هەندەران بوو کە موغازەلە، پێ هەڵگوتن و بە تایبەتی لاسایی کردنەوە لە کەمی داوە و شتی نوێ هاتۆتە ئاراوە،

شێعری ئەمڕۆ هەتوانی دەرد و برینن، ئاهەنگی شادین، پرد و رێبازی جم و جوولی کۆمەڵایەتین و دەبێ لەو پەڕی ناسکی دا، سندانی سەر دڵی بێ بەزەییانیش بن.

بەڵێ: لە ئامێزی خاتوونی خەیاڵ دا، شێعرێکی کاڵ بە دارە دارە و سەر و لاجانگ داهێنان وە گڕ و گاڵ دەکەوێ، پێ دەگرێ و خۆ دەنوێنێ. شانازیی خاوەن خەیاڵیش ئەمڕۆ ئەوەیە کە کۆرپەیەکی بە بەهرەی بار هێناوە بۆ داهاتووی زێدەکەی.

شاملوو دەڵێ:

موضوع شعر شاعر پیشین از زندگی نبود.
......
......
در دام گیس مضحک معشوقه پایبند
حال آنکه دیگران
دستی به جام باده و دستی به زلف یار
مستانه در زمین خدا نعره می زدند.

بە داخەوە ئێستایش هیندێک لە ئەدیبانمان هەر...

******

٣- ئەوا سەدەی بیستەمیش ماڵاوایی لێ کردین و هێشتا هەرێمی ئێمە لەگەڵ تیکنۆلۆژی دا برایەتی پێ نەبەستراوە. هەر بۆیە بۆ بزواندنی چەرخی ئابووری و گەش بوونەوەی خوێنی ناو دەمار و وردە رەگەکانی ئەندامی کۆمەڵیش دەبێ پێوەندیمان بە فۆلکلۆر و وێژەی رەسەنی وڵاتەکەیشمانەوە بێ، نە تەنیا لاسایی کردنەوەیەکی ئاشکرا و بەر چاو، تا نەبێتە هۆی تێک چوونی کۆشکی ئەدەبی ئەمڕۆمان.

******

٤- زیاتر ناوەرۆکی کۆشکە کە میوان دەحەسێنێتەوە و خانە خوێش سەربلند دەکا. دیارە هەتا ویست و مەبەست بە هەستی ناسک و ئیما و ئاماژە دەر نەکەوێ، نالێن شێعرە.

کە وابێ تۆش لە تەک منا بێژە:

داد لە دەست شێعری زۆر و بۆری بەشێکی زۆر لە شاعیرانمان. با شێعری حەماسی و مێژوویی نەگرێتەوە، نەوەک چۆک لە ژێر باری تانووت دا بفیزێ.

ئەوەی راست بێ لە دیوانی شاعیرە مەزنەکانیش دا، زیاتر لە چەند پارچە شێعر ناکەونە بەر چاو و وەجاخی دڵیان جوان پێ ناگەشێتەوە.

******

٥- بێ لێک دانەوە و هەڵسەنگاندن، لێک هەڵاواردنی واژەی وەک یەکی دو زمانی هاوڕیشە گەلێک ناڕەوایە. بۆ وێنە:

ئەگەر واژەگەلێکی وەک: گەردوون- دەروون- کۆشک- نیگا- نیگار- بەهرە-سەرسەرا- بارەگا- سادە- سروشت- شەیدا- واژە و ... لە کوردی دەراوێژین، ئەی بۆ ئەم واژانەی وەک: کەم- زیاد- سەر- موو- ریش- دەست- پا- ران- گەردن- گەرما- سەرما- نەرم- زبر- باریک- درشت- بەهار- پاییز- زستان- ساڵ- رۆژ- شەو- پیر- جوان- چەپ- راست- ماست- کەشک- پەنیر- شیر یان بۆ ژمارە و رەقەم لە یەکەوە تا هەزار، میلیۆن دەبێ چ بێژین؟

نەتەوەیەکی دراوسێ نین کە لە زمان و کەلەپووری یەکتر بەهرە وەر نەگرن. ئێمەش تا رادەیەکی زۆر لە واژەی بێگانە خۆ دەپارێزین. تەنانەت هیندێک لە واژەکانی خۆمانیش بە فارسی لە قەڵەم دەدەین. دیارە زمانەکەمان، زمانێکیش نیە وەک فارسی کە بە بێ واژەی

عەرەب ببێتە بەلەمێکی شەق و شڕ. بەڵام هیندێک جار واژەی بێگانە رستە و وتار بە بڕست تر دەکەن و ئەگەر "هاردان بیر" وەریان گرین، رەنگە زیانی نەبێ.

******

٦- هەڵسەنگاندنی هەر بەشێک لە هونەر با بە شێوەیەک بێ کە خاوەنەکەی لە هەر چی هونەرە بازرە نەکا. گەلێک جار کاری لاوێکی شایی بەخۆیان بە دەردێک بردووە، کورد گوتەنی:

دەوارە شڕەی لێ قەوماوانیش بە دەست باوە بەو مەرەدە نەچووبێ.

با نەقد نەکرێتە لێکدانەوەی خەونەکەی هاڕوون[1] و مەرگی هونەری کابرا نەیێتە پێش چاوی و وردە ئیرادەکانی ئەوەندە گەورە نەکرێنەوە کە لە هەر چی نەقد کەری دنیایە بێزار بێ.

******

٧- بەربەرووی کراسی باسەکە بەوە داکوژێنین کە نەبیسراوە بڵێین: کارێکی هونەری چەند شەو و رۆژی گرتووە، تەنیا دەگوترێ: جوانە و دەستی هونەرمەندەکەی خۆش، یان ...

چەند بەندێکی لە ژمارە ٥٦ی گۆڤاری مهاباد دا چاپ کراوە.

*****

١- دەڵێن هاڕوون خەونێک دەبینێ، لە زانایەک دەپرسێ کە خەونەکەی بۆ لێکداتەوە. کابرا دەڵێ قوربان وا دیارە ئەو خزمانەی کە ئائێستا لە گەڵتن هەموو لە پێش تۆ دا دەمرن، هاڕوون دەستووری گرتنی دەدا. یەکی تری بۆ بانگ دەکەن. ئەمیان دەڵێ گەورەم، تەمەنت لەو خزمانەی کە ئائێستا لە گەڵتن، لە هەموان درێژتر دەبێ. هاڕوون دەڵێ خەڵاتی کەن. دیارە هەردوک یەک وڵام بوون بەڵام ...

بەشی یەک

- هێنانی گڕ
- بێ سنووری
- رازێکی نەشەمزاو
- پرسیار
- شەوانە
- باوەڕ و سام
- کام سەدە
- ئاماژە
- زەبری نزا

ئەوەی کە هەن نە بە پێی کات و ساتی نووسینیان، هەروا، کرانە چەند بەشی کورتی بە رەنگ لێک نزیک و رەنگە هیندێکیان هەر یەکتریش نەگرنەوە.

هێنانی گڕ

چوومەتە بارەگای هەتاو
هێناومە ماشەری گڕ و
تیشکی ئەوینە رایەڵم
مەترسە، ما
نەرم و نیانی باوەشی گوڵ و گیا
سێبەری ترسنە
- دژ بە ژین -
بە ژێو کەوانی ئایرین
پێکاومە وا
هەتا هەتایە نەیکرێ
هەنگاوی وەسوەسەی رەشی
بنێتە ناو کەژ و چیا.

☼☼☼

لە گۆڤاری ژمارە ٩٧ی مهاباد دا چاپ کراوە.

بێ سنووری

کە دەستی زێوینی فەلەق
دوا چەپەری تاریکە شەو پێوەدەنێ
چ سەیرە رازی ئەو گوڵەی
بە پرچی ئاڵۆزی هەتاو
پێدەکەنێ و
بارە کەوی بەر رەوەزێکی سەرتریش
بە تێپەڕینی سێبەری بەرزەفرێک رادەچەنێ !!
ئەمجار
بە ودمی سروەیەک
کە رووحە بۆ کەژ و چیا
ببێتە دیلانی گوڵان
بە دەوری ئاوی کانی یا
ئیلهامە بۆ ئاهەنگی ژین
لە هەرمانی
بێ سنووری
نەمانی‌یا.

✡✡✡

رازێکی نەشەمزاو

ئاواتی من
کە هەر وەها سەر بە مۆرن
چرۆی داری ئەوینێکی
روو بە تاڤگەی بەرزی خۆرن
نەپشکووتووی
سەر ترۆپکی چیاکانن
لێکدانەوەی بەساڵاچووی
مەبەستی مێژووی ژیانن
کە پێم وایە:
خشڵی بەرگی پەریی نامووسی ئینسانن

....

ئەمن بەژنی پەریی ژینم
لە داوێنی هەرارای
سەر
هەورامانی پیرشالیاری مەزن دیون
هەژینێکن
لە گەڵ هەنیسکی هەتاوا
لە خورپەی خەو راپەڕیون

هەتا رابوون

هەزاران جار

فرمێسکی سوێر و شیرنم

بە سەریانا داوەریون

بەهادارن

بە توانەوەی عومری رابردووم کڕیون

....

من پێم وایە

لە بنیاتا

رەگەزی خۆی نەناسیوە

ئەوەی

خەونی بۆ خەونەکانی من دیوە!!

....

جا چۆن دەبێ

هەوری ماتەم

لە سەر بان و گوێ سوانەکەی کەپری ژینم

بگرمێنێ

منیش بێڵم دڵۆپەی شەو

حەریری

سەر شان و ملی پەریی ژینم

بڗاکێنێ!!

یان بهێڵم
تەوژمی مۆتەی نیوەشەو
ئارەزووی بەرز و پیرۆزی
چەندین ساڵەی زێد و هۆزم
بتارێنێ!!!

....

ئەرخەیانم
ئاواتی من نەشەمزاون
سەر بە مۆرن
چرۆی داری ئەوینێکی
روو بە تاڤگەی بەرزی خۆرن

☼☼☼

لە ژمارە ٨٠ی گۆڤاری مهاباد دا، بڵاو بۆتەوە

پرسیار



لە دەروونی بەندیخانەی بیر و راتا
وت و وێژە
سکاڵایە
بە کوڵ، بە سۆ.
چاوی کزت
هەنگاوی بێ هێزو شلت
بە ئاهەنگی
لەرینەوەی تەلی تاری زامی دڵت
هاوار ئەکەن:
کە «ئای گەلۆ»
چەرخ و خولی گەردوونی دوون
بۆ وایە، بۆ؟!

☼☼☼

کارەساتی سیحری خامە
لەگەڵ
کزیی رەوتی مێژوو

نەمانزانی
چیی پێ کرا و، دەوری چ بوو ؟!
هەر بۆیە
هاوڕێ بووی لەگەڵ
داسنی یەکانی یەزدانی:
کە
«هەرمن»
خێوی نەزانی
خێوی دڕک و بەردەڵانی.
بڵێی
هەروا زاڵ بێ لە سەر
هۆرەی پاکی
هۆرەی جوانی
هۆرەی چیا و سەوزەڵانی ؟

☼☼☼

دیارە بۆیە تۆ پێت وایە
بۆ ئەو هەرێمەی
کە هەر وا
بێ برِستن لەم دنیایە

بە تایبەتی رۆژهەڵاتی رۆژ لێ گیراو
ببوورن
رۆژ لێ ون کراو!!
بێدەنگی یەک
بە هەیبەتی دەریایەکی مەندو هەراو
بێدەنگی‌یەک
لە زیوەری رووباری روون تژی کراو
بێدەنگی یەک...
بەم هیوایە
نەرم و بە سام وە خۆ کەوێ و بێتە کایە
وەک چۆن تکەی
فرمێسکی غاری روو بە تەم
بە هێمنی دەهاتە سەر
سینەی لەشی
تەختە بەردی داستانەکەی "ئیبنو حەجەر".

٭٭٭

شەکانەوەی
شەپۆلی هەوری ماتەمە!!
ئەی
برووسکەی بیرو بڕوا

به بەر دەستێی چ دەستێکە
هەڵگیرساوە ؟
کە خۆرەتاو
دوورە پەرێزە
وەک سڵ بێ یان تاسا بێ
بە شەرمەوە لێی راماوە ؟

✡✡✡

تا ئەو دەمەی کانگای ئەوین
خامەی بە هێزت پڕ نەکا
لە داهاتی نووکی قەڵەم
کانیاوی
بیر و باوەڕی گەلیشت،
بۆ سەر پڕ نەکا
خشڵەکەی روونی رووبارت
بەرەو دەریای بێ شەپۆلی، دیلی، داماو
تەنیا خەون و خەیاڵێکە!
ئاڵۆز دەبێ و وەدی نایە

دیارە دەریا
نەسرەوتنە
هەدا نەدانە
جمینە
دەهاژێت و نامۆیە بۆ
هەچی رژدو نالەبارو بێ بەهایە.

☼☼☼

لە لاپەڕەی٤٧ی گۆڤاری سروەی ژمارە ٥٩
جۆزەردانی ساڵی ١٣٧٠ دا چاپ کراوە.

شەوانە

شەو
کە، زێی زێوینی تیشکی مانگەشەو
دادەڕێژێ
دیمەنی دەریای بەرین
من پەڕەی کەشتیی خەیاڵ
دەسپێرمە دەست
شەوشنەی مەوجی بلاوێنی ئەوین
.....
شەو کە سرتە و هەستی
ناو قامیشەڵانی بەند و زەل
نایێتە گوێ،
من هومێدم
چەشنی تیرێژی هەتاو
دەچڕم
لە گەڵ ئاهەنگی ژین
.....

شەو کە دێتە دەربڕینی خەم
بە دەنگی بێ کەسێ،
من لە ئاسۆ ڕا
دەبینم
ڕادەموۆسێ بانی هاوسێکەم
هەتاوێکی بەتین.
.....
جا بە باڵا گرتنی ماتەم
ئەمن
دێنمە بەر نووری چرای چاو
دەنگی کۆخەی
مەرگی "بەند و کۆت و زنجیرم"
کە هاتوونە رزین.

☼☼☼

شێوە وەرگێڕانێکە بە کەمە گۆڕینێکەوە لە شێعرێکی "شبانه"ی نەمر شاملوو
کە لە ژمارە ٧١ی گۆڤاری مهاباد دا چاپ کراوە.

باوەڕ و سام

ئەگەرهەنگاو هیندێک شلە !
دەڵێن:
کزیی رەوتی هەتاو
بەرەو رۆژاوا بوون کلە !
....
بەیت و بالۆرەن
بەوردی بە پەردەی گوێ دا دراون
بەرەی پەندیش
بۆ مژینی خوێنی غیرەت
لە سەر قسن و گۆڕخانەکان
راخراون.

✲✲✲

دە توخوا
ساتێ کە رابوون

دەم و دەستێ
چیا ببڕن
تاوێری زل جاڵە بکەن
دارو دەوەن وەخۆ بخەن
ویشکەڵیش وا بەر گڕ بدەن
تا بەهاری کاسی خەوی لەمێژینەی
پێ هەڵستێ.

....
بە ڕێڕەوانی شەو بڵێن:
هەوارگەیەک بدۆزنەوە
کە هەر پەرین دەچێ
لە بەر
نەینووکی روونی کانی یا
قژی هەتاو دەهۆننەوە
لەو شوێنە هۆبە هەڵبدەن
هەتا
هەوێنێ خوێنی ژین هەیە
تەلەسمی شەو نەبیننەوە

☼☼☼

هەرچەندە با و بۆران رای دابین و لە گێژاوی ژینا لە پێمەلەش کەوتبین، هەرگیز وەک خنکاوێک پەنابەری هەر کەنداوێک و پەلاماردەری هەر پڕ و پووشێک نەبووین، با تۆفانی نەگبەتیش هەستابێ!جار و بارەش پێمان وا بووە کە کۆلکە دارێک رەنگە بتوانێ لە گێژاومان بەرێتە دەر! بەڵام

کام سەدە؟

باوەڕ مەکە تەنیا شەمێک
بۆ هەرێمی تــووک و نزا
بۆ ساتێکیش
هەڵکرا بێ !
یان
فەلسەفەی ژێر چنگی داڵی دەسەڵات
پەیامێکی ئاو روونکەرەی
بۆ سەرچاوە لێڵ کراوەکان هێنابێ
ئەتۆ بڵێی

خۆرەتاوی سرِ و تەزیوی ئەم سەدەیش
تین و تووشێکی پێ مابێ ؟
یا خۆ کورە زێرِینەکەی[1]
لە گریانی لەمێژینەی راوەستابێ ؟
پێت وانیە هەروا شەوە ؟
بگرە تاریک و تنۆک تر
لە شەوگاری هەرە سیای سەدەی بیستەم ؟
دیارە ئێمەی
هەرێمی رۆژ لێ ون کراوی سەر بە تەم
سالیانی سالە واین کە هەین
بە کام درۆ
کام دەلەسە
یان کام بەلێن باوەرِ بکەین ؟
بلێی رۆژێک بۆ سکالا
بە عەرشی خۆرەتاو نەگەین ؟
ئەمجارە بێین
دەرگای فەلسەفەی چەپەلی

١- نیو سـەدەیەک لە مەوبەر لە ناوچەی موکریان، باو بوو کە منالـان کاتی هەور و هەلا هاواریان دەکرد:
تاوەکە وەرەوە ، وەرەوە کورە زێرِینەکەت دەگری.
نسیکە برِۆوە، برِۆوە کچە کەچەلەکەت دەگری.
کەچەلی لە ناو کچان دا زۆر کەم بوو، کەچی خەونی ناخۆشیان هەر بۆ کچ دەبینی!!

درۆ و دەلەسەی

ئەم سەدەیش قوڕ دا بدەین.

☼☼☼

٢٠٠٠ م - ١٣٧٩ هەتاوی

ئاماژە

بەرزە فڕی گەر بتەوێ
سـنووری
ڕێچکە ڕژدەکەی مەکۆی دڵان
بۆ ژینی نوێ
بە ئاماژەی نسێی شاباڵی لەنگەرت
وەدەرکەوێ.

☼☼☼

زەبری نزا

گوڵی ڕکەی ژوورەکان و
گوڵی کێو
گوڵی ناو دار و دەوەن
گوڵ هەر چی هەن
بە کام گەروو هاوار دەکەن ؟
ئەو کاتە وا
لە دڕک و داڵ
چڵ چڵە گوڵ بژار دەکەن ؟!

☼☼☼

هاواری گوڵ
زۆر
بە زەبرە
ئاخ کە هەتا دێتە نزا
چەند بە سەبرە!!!

بەشی دوو

- دوو بەیتییەک
- رازی تەلان
- ژین
- خەوڕەوێن
- کۆچ
- نیگایەک

دوو بەیتییەک

عەیامێکە لە بەر شـــوعلەی شـــەمێکم
بە ئـــاواتی ژیان تـــــا سەردەمێکم
بگەینە سەر سنووری شــــاری شادی
لەوێ هەڵکەم چرای چەند بەرهەمێکم

رازی تەلان

لەگەڵ چلە ڕیواسی بەر چاڵە بەفرێک دەدوام، کە پۆلە هەورێکی ئاڵۆز و بە سام بـــە کرژی داخزیە سەر داوێنی تەلانێک و بە بارانەوە تێکەڵ بە تیشکی خۆرەتاو بوو، هەر پەڵە هەوریش بوون کە لە ژاڵانەوە دۆڵ و دەرەیان سەربەرەژێر دەپێواو پێیان وا بوو کە «پیـــرشالـیار»لـەو ڕۆژە دا، نوێژەبارانەی بۆ وشکە ساڵیی ژاوەرۆ کردووە !

دەڵێن: لە شاهۆ را باز و شەهێن لەگەڵ پەلەوەری سەر تاشەبەردەکانی ئاتەشگا دەدوێن:

کە هیچ ڕوانینێک ناتوانێ بە قەڵەم یەک بە هەزاریش لە خۆر و بارانی هەوارەکانی شمشێر، یان هەیبەتی ئاوەکەی بڵ و سامناکی بەهارانی سیروان بخاتە بەر چاو.

هەر بۆیە رازی ڕوانگەی هەورامانم لە گەشتە پڕئاهەنگەکەی گۆرانا بە جێ هێشت و تا بەرزاییەکانی کەینێسی و بەردێزی نەگیرسامەوە کە زریانیش بەرەو باکوور برستی لە شاباڵ بڕیبوو!!

جا ئـــەگەر بە ســـووکە باڵـێک تا سەر چاوەکانی داڵانپەڕ و لەوێ وە بە گەڵاز و سپیرێز دا دوای لەنگەرێک لە سەر دەشتی لاجان و لەند و گردبەران، لابڕ، ڕێم کەوتبێتە لێڕەواری بەر

قەندیل و بە زێیەدا بەرەو هۆمل و داوێنی ئاو هەڵدێرەکانی کوتابێتم !

دوای پـــەڕینەوە و گەڕێک ڕەشبـەڵەک لەگەڵ بیزا کەرانی تۆرە و مەیدان چۆغە، بە نیازی چوونە «زرێوار» بۆ وەدەست خستنی ڕازی ئەو دەریایەی کە بە فرمێسکی بێنەوایەک شاری زوڵمی فەیلەقووسی تێدا ژێر بەرە ژوور بوو، ڕام دابێ! لە کانیاوەکانی سەرتوون و نجنە و داوێنی ئاربەبا تۆونیەتیم شکاندبێ!بە سەرزەویش بە سەر شارا گەڕابێتمەوە گەردەنەی تە-تە و دوای سووکەنیگایەک لە کوڕمانگان و تاق وەسان بە دەشتە-کەی ماهیدەشتا دوور و نزیک عەتری دارخورمای قەسرم بە گوڵ و گیای بێ هاوتای ئیلام و داڵاهووەوە هەڵمژتبێ!!

خۆم بە بەختەوەر زانیوە کە بەهەشتێکم بە سووک و هاسانی وە دەست خستووە و بوومەتە مەستی بادەیەک کە هەست بە سەربەرزی بکەم.

بە پرسیار لە پیرە مازوارەکانیش پێم وا بووە دەگەمە ئەو هەوارگە هەست بزوێنانەی ئەویندارا‌ن چادر و چیغیان لێ هەڵداوە، کەبێ دەست و پێی دەستی سنوور بووم و هەر بە ئاواتیانەوە دەژیم.

✿✿✿

شرین

هـیچ دەزانی دوور لـە تـۆی نـەرم و نیـا
بوومـە شـەیدای دیمـەنی بـەژنی چیـا؟!
سـیحری ئاوهەڵـدێرە دڵـمی سـاندووە و
روح لەگـەڵ زەوتی کـەوا بـۆی دەرچـووە
....
زەردوما و رژدیی چڕ و هەڵـدێر و لان
شـوێنـە بۆ دەنگـدانـەوەی دەنگی مـەلان
مێشـکی بـێ مێشـکی نـەیاری دژ بە ژین
چۆن دەزانـن رازی ئـەم زۆزانـە چـین!!
لای ئـەویـنـدارانـی هـەوراز و نشـێو
رەمـزی هـەرمـانی ژیـانـە شـاخ و کێو
....
بـارەگـای بـەرزی هـونـەر گـەر دانـرا
فـەرشـی حـەورەنـگی گوڵـی لـێ راخرا
جوانترین وێنـەیشـی کـەوتـە زێـدەکـەم
بـۆیـە شـانـازیی بـە زێـدی وا دەکـەم
....

هۆ پەری هۆ گوڵ، ئەریٚ هۆ هێز و تین
بەس نییە رامان لە ئوقیانووسی ژین؟
بۆ بەساڵاچووی لە حەفتایش تێپەڕیو
تام و ڕەنگ و بۆی گوڵان دەبنە بژیو
تۆش وەرە و تیشکی نیگات باوێژە دوور
دەرکەویٚ لێمان بەهەشتی بیٚ سنوور
لەو مەکۆیە پڕ لە راز و ڕەمزە دا
لەو چیا پڕساز و نەغمە و سۆزە دا
وا بە شەوبۆ و شەشپەڕ و سوێسنە و چنوور
لێک دراون ئاڵ و واڵا و کەسک و سوور
ڕەنگ و روون، نەخشن، نیگارن، دیمەنن
خشڵی سەر یێخە و بەرۆکی چیمەنن
شەنگەبیزای شۆخی وا شایی بەخۆ
بۆتە هاوڕازی کەما و گیابەند و لۆ
گەر شلێری شەرمنیش سەر دادەخا
بۆ گوڵان سفرەی دڵی خۆی رادەخا
....
سێبەری بەر دارکرۆسکی لێرەوار
ئاوی کانیاوی بە بەردا بێتە خوار
لێرەیە من وا بەدڵ دەشنێمەوە
قەت بە بورکانی فەناش ناتوێمەوە

جامی دەستم ئاوی روونی کانی یە
مەستی ئەو بادەم هەوێنی جوانی یە
دڵ بە بێ پەروا لە رووخانی جەسەد
شاپەڕی خستۆتە سەر ئەوجی ئەبەد
بۆیە سەربەرزم بە بوونی ژینی پاک
وا بەرەو ئاسۆ دەڕۆم بێ ترس و باک

✡✡✡

١٧ بەیتی لەژمارە ٩١ی گۆڤاری مهاباد دا بڵاو بۆتەوە،

خەوڕەوێن

هەر شنەی نەرمی بزەت جار جارە ببزێوێ خەیاڵ
دڵ لە شەوگاری هەرێمی ماتەمیش دا دێتە حاڵ

دوای بزەی تۆ بوو کە شادی کەوتە دڵ بۆ زەمزەمەی
شێعری دڵداری بە راوێژێکی سادە و کرچ و کاڵ

خۆشە دڵ بفڕێ بە ئاهەنگی شەقەی شاباڵەکەی
نەک خەیاڵاوی لە چوارچێوەی قەفەس دا بگرێ باڵ

✿✿✿

گەر بەهاری ژینە، وەرزی شادی یە، دەست گرتنە
بەفرەکەیٔ عومری منیش کەوتۆتە بەر دەس بای شەماڵ

جا پەریی جوانی ئەتۆ و بەرزیت بزەم لێ مەگرەوە
تا موتاڵای کەم هەموو ورد و درشتی خەتتو خاڵ

خۆ لە سـەر رازی ئەوین پێ شـێلی لۆمەی کەس نەبووم
چـــونکە دڵ دەڕوا بـەرەو ئاسـۆی ئـەوینێکی زوڵاڵ

خـــەورەوێنیـشم کـزەی فێـنکی شـنەی ئـازادی یە
بۆچ بـزەی هــەر وا نەبـزوێنێ قـژی نەرمی خــەیاڵ؟

ئەی وەکـــوو بووکی بەهەشتی خـــەونەکانم چی دەبێ
گــەر بە تـارا و دابـی کـۆنی کـوردەواری بێـتە مـاڵ؟

بە یادی کاک سعید بازیار

✫✫✫

لە ژمارە ٥٥ی گۆڤاری مهاباد دا چاپ کراوە.

کۆچ

پەریی شیعری پەڕیوەی سەر چڵووکان
بە دیمەن وەک نیگاری تازەبووکان
گزنگی نوور لە ڕۆژی رووی دەباری
بەسەر بەژنی گەڵا و کوڵمەی گوڵووکان
شکۆی بەژن و بەر و باڵای وەها بوو
لە چەشنی تەونی بەر دەستی خودا بوو
بە بڕوای ڕێڕەوانی شەو بە گشتی
پەیامی ڕۆژی سەربەستی لە لابوو

لە ئاسۆی بەرزی تاریکی بەزێنا
لەگەڵ رابوونی کەوبارِ و شەهێنا
کەسێ نەیزانی! بۆ وا زوو بزر بوو
بە دنیایەک لەگەڵ قەول و بەڵێنا
مەل و گوڵ پڕ بەدڵ خوێناو دەگریان
لە دووی کۆچی پەریی شیعری وەها جوان
کە بۆ وا هەڵبڕا و تۆرا بە جارێ؟!
بەرەو رژدی و چڕیی کۆساری هەرمان

خەواڵوو بووین لە جەنگەی خۆرهەڵاتا
کە تێپەڕ بوو بە سەر ئاسۆی وڵاتا
هەتا رابوون نەما خۆی و پەیامی
کە بدرەوشێن لە ناو کۆڕی خەباتا
بە گفتی شیرنی سوێسنە و هەڵاڵان
کە رامابوون لە کاسیی کیژ و کاڵان
دەڵێن هەرگیز نییە باسێک، هەواڵێک
لە دوای کۆچی بە مانگان و بە ساڵان

بڵێی رۆژێک پەژارەی دڵ بڕابێ
لە ئاسۆ را هەواڵێکی وەها بێ
کە هەوری ماتەمی ئەم ئاو و خاکە
بە سرووەی سوبحی ئازادی رەها بێ؟!
هەمیسان بێتەوە ئەو پەریە جوانە
کە سیلەی نیو نیگای شادیی دڵانە
لە خەو هەستان و رابوونێک ببینێ
کە بۆ کۆچ کردنی نەیبێ بەهانە

✡✡✡

نیگایەک

چاوەکەم
بۆ کەڕەتێک
چاوی دڵت هەڵبێنە
دڵ
نیازی بە دەوایە،
بە بزەت بیدوێنە
هیند غەوارەن
ئەوی پێم وابوو پەریی دڵدارین
دە وەرە
لەم دەڤەرەش دابی ئەوین دابێنە
....
بۆ وەخۆ کەوتنەوەی باوی نەمامیم،
سا دەی
چت لە دەست دێ؟
دە کەڕەم کە و کەڕەمت بنوێنە
دەسەوستانە مەلی دڵ
لە هەرێمی خەم دا

بە نیگایەک
لە سیاچاڵی تەمی دەربێنە
.....
جا کە ئازادی
بوێرانە لە پەڕتووکی ژیان
لاپەڕەی ڕۆژی ڕەشی
لێ بکـــەوە، بیدڕێنە
وەکوو میراتگری
مێژووی وەتەنی ئاهۆراش
بتکەدە و
دەستی هەچی خێوی بتە، بشکێنە

☼☼☼

بەشی سێ

- دووبەیتییەک
- ورە
- بووژانەوە
- بێ ناو
- ئاواتێک
- شاباڵی دڵ
- پەلی ئاوات
- کەروێشکە
- مردن
- کێ بوون؟
- ؟!!

دوو بەیتییەک

ئەگـــەر چارداخی ژینت وا تەنــــــیبێ
کە دەورەت گشت بە گوڵ چڵ چڵ چنیبێ
لەوە خۆشتـــر نییە بێ حــــاڵ و باڵێک
کە جـــارێکی بە خەندێکت خـــەنی بێ

نازانم ناوەڕۆکی ئەو دووبەیتیەم لە کوێ وەرگرتووە؟

وره

لە وەتا هەم، دوور و نزیک روانیومەتە رەوتی لەباری ژیان، ئەو ژیانەی کە لە داوێنی بژوێنی چیای ئاوات و ئارەزوو دا نەسرەوتنی بۆتە هەوێنی هەدانەدانم.

دیارە چیی پێ نەچووە کە بەرەو کەژ و چڕ و تەلان تەنیا شوێنی نسێی ژیانم پێواوە، ئەویشم لێ نەدیو بووە و خزیوەتە رەوەزێکی بە سامی ناو چیاکەوە!!

وا تاساوم تەنیا توانیومە روو بکەمە دار و دەوەنی چڕ و تەلانە کە بە تەمای ئاماژەیەک بۆ رەمزی کردنەوەی تەم و مژەکەی بەر هەڵستی سەرکەوتنم، کە خرمەی ژێر نەرمە هەنگاوی رێبواران و دەنگ دانەوەی چیا بۆتە ئیلهامێک:

کە هۆ رێبواری بڕست لێ بڕاوی بەر هەڵەمووتی روو بە شوورەی قەڵای نەسرەوتن! مەوێستە، سڕ مەبە و ببزوو، بێتوو بە ڕێچکە رژدە بەردەڵانیەکەی بەر شورە دا وەسەر کەوی، دەزانی کە چۆن مان و ژیان، تەنیا لە بەر هێزی **ورەی** بەشکۆ دا سەری تەسلیمیان دا نواندوە.

بەڵێ، ئیلهام سۆزێک بوو لە سازی سەر کەوتن، بۆیە ئێستایش نەمزانی واژەی حەسانەوە لە کام لاپەڕەی لەش دا لێک دراونەوە!

ئەوا دەیشبینم رۆژ نییە کۆترە باریکەی سەر گوێسوانەی قەڵا کە، چیرۆکی کۆڵ نەدان بۆ هاواڵەکەی نەکاتە لاوک و منی بەرەو هەرمانیش بە بیستنی نەگەشێمەوە.

☼☼☼

بووژانەوە

زانیوتە وا
گوڵی تەمەن
بە چیاوی بەر کەپرەکەت،دەڕوێنمەوە ؟
ئەی بۆچی چین و پەرچەمت
لەم وەرزە دا!
بە ئیحساسی ئەویندارێک
دەخوێنمەوە؟!
چون بە تەمام
لەبەر گڕی بزە و نیگات
خاکەلێوەی لێ تۆراوم، بدوێنمەوە
بەفری
پەسیوی سەر دڵی ساردو سڕیش
بە هەڵکرانی ئاوری نەورۆزێکی نیشتمانم
بتوێنمەوە.

٭٭٭

ئاگرە گەش و سوورەکەی نەورۆز، با هەر زەردی پەڕینی دوای سەرما و سۆڵی زستانی دزێو با و نەکرابا بە دووکەڵی بۆگەنی لاستیک و جیرە سووتاو!

بێ ناو

بە یادی کاک حەسەنی مام قادرم

ئەگەر بێ دەنگ و بێ هەستم
ئەگەرلاواز و بێ هێزە
نەمامی شێعری بەردەستم
ئەگەر هەروا
بەرەو زەرد هەڵگەڕان دەڕوا
چرۆی داری ورە و هەستم!
بە هێزی دەستی ئیعجازت
دەبێ هەستم
بڕۆم
هیند سەر کەوم
سەرتر لە بەرزایی سەری قەندیل
کە سۆزی نزمی ناڵەی دڵ
بە بەرزیی
عەڕشی ئاهۆرا
ببێتە شێعر و هەڵبەستم.

☼☼☼

لە ژمارە ٦٤ی گۆڤاری مهاباد دا چاپ کراوە.

ئاواتێک

که ئاوردووی
دارستانی شێعری تازە و کۆنی گەلم
بە سەر یەکا کۆ کردەوە
بە گڕی دەستەچیلەی غەزەلێک
بوون بە ئاگر
بۆ وەجاخی لەمێژینەی کوژاوەوە
لە خەونێکا
رووناکایی ئەم مەشخەڵەم
بە مزگێنی
بۆ زەردەشتی خاوەن وەجاخیش بردەوە.

✡✡✡

لە لاپەڕەی ٦٨ی گۆڤاری سروەی ژمارە ٧١ی ساڵی ١٣٧١
لەگەڵ دوو پارچە شێعری جەلال مەلەکشا و مارف ئاغایی دا چاپ بووە.

شاباڵی دڵ

من بە هەوای
پڕ بە گەرووی دەنگی مەل و
بۆنی جاترە کێویلەکان
دەشنێمەوە
دەبا بێنم
لە رووپەڕێکی قامووسی گوڵزارەکەت
چەند واژەیەک بکەم بە باڵ و
شاباڵیش
لە چەند بەندی کورتی شێعرێک جوێ کەمەوە
کە هەورە سەر بەخێرەکان
وەخۆ خەم و
زەوی و زاری
ئاواتە نیوەگیانەکانی
پێ نوێ کەمەوە.

☼☼☼

لە گۆڤاری ژمارە ۷۷ی مهاباد دا بڵاو بۆتەوە.

پەلی ئاوات

بۆ شکاندنی شەقڵی تاریکی
ئاخ کە توانیبام !
تەنیا شەمێکم
لەبەر پێی پەریی شێعری سەربەستی
داگیرساندباو
هۆدەی دەروونی رەش و قورماویم
بە جێ هێشتبا
بە ودمی هێزی نەرمە هەنگاویش
برم کردبا
تا لە سەر مێرگ و ئاو و کانیەک
ئاوات و
شێعر و خەونەکانیشم
یەک یەک ناشتبا.

✡✡✡

کەروێشکە

به وێنه مەوجی رەنگی گوڵ
لە بەر مووری گژ و گیا
نەسرەوتنە
لە سەردەمی بوێری و هەرزەکاریا!
ئەو شێعرە وا
کە پێم وا بوو
شنەی نەرمی بێ پسانەوەی
گوڵپەڕشەیە*
بە نەرمەبای
داوێنی بەرتەسکی چیا

☼☼☼

* ناوی ئەو جۆرە گەنمانەی کە چل-پەنجا ساڵ لەوە پێش لە موکریان دا بە برەو بوون و کەروێشکەیان لە هەر چی شێعرە دڵڕفێنتر بوو.
وەک: بەهاروو – سمەوەژ – گەنمە سەرداری – گەنمە مەلا – گەنمە ئومێد – قەندەهاری- گوڵپەڕشە- گوڵبەهاروو – گوڵرووت و ...

مردن

شاسوار هەیە؟!
جڵەو شل کا و
بیر و بڕوای
بە زڕیانی
سەرسپردەی ڕەشەبای دزێو
بسپێرێ؟!
یان باخەوان
ژاراو بنێتە گوڵزار و
بشڵێت:
ئەوا گوڵ دەدێرێ؟
دەی
بۆچی نابێ دارزێ!!؟
ئەو دەست و خامەی
کە واژە
بێ بەها کا و
بۆ ئەم و ئەوی بنێرێ!!؟

کێ بووین؟

لە ئەنگوستەچاوی بێ ترووسکەی ڕۆژگارێکا!!
بۆسەیەکیان
بۆ دەڤەرە کۆست کەوتەکان
دادەناوە
ببوون بە مۆتەکەی ژیان!!
هونەرێک کۆن و بێ پێز با
بە پێ و پلە شلکۆڵەکەی منداڵانی ئەو شوێنەیان
دەشێلاوە!
گوێگریشیان
داتەکاندبوون لە ئەوین!!
ئەوەی ئاهەنگی مەینەتە
دەبوو بە گەڕەلاوژەیەک
یەک بۆ یەکی گێڕاباوە!!!

ڕووداو
نابینین بە بێ هۆ
تا نەزانین

خەست و خۆڵ بێ!!

زۆردار

هێزی سەرەکیە !!؟ و

پیستر لەوەشی بە دواوە.

؟!!

کە شابالی
لە لەپی هەر شۆڕەکاتێک خشاند
بە ڕواڵەت
کەویری کاکی بە کاکیی
دەکرد بە جام[1]؟!
گیانلەبەری سەر گۆی زەویش
خۆیان
لەو جامە دا دەنواند!!
....
نە پێم وابێ
بێ شک دەڵێم:
لە هێلانەی جادوو ڕا هاتبوە فڕین!
کە بۆ ئێمەی بێ دەرەتان
تەنیا
نەگبەتی هەڵکڕاند!!!

---

١ – ئاوێنە

بەشی چوار

- دوو بەیتییەک
- چەند هەنگاو لەگەل ...
- پاشکۆ

دووبەیتییەک

دڵــم شــاسواری ئــــاڵا راشەکێنە
کە پاشــکۆی کەیلی پەیمان و بەڵێنە
رکێف کوت وا لە سەر ئەسپی خەیاڵی
بەرەو هــۆبە و هەواری شــەوبەزێنە

چەند هەنگاو لە گەڵ
د. ع. پەشێو و کاک ق. موئەییەدزادە

دەمێکە لە گەڵ بزەی سەر لێوانی کاک قاسمی موئەییەدزادە دا ئاشنام، بۆ من یەک لەو کەسانەیە کە دڵی تەنیام لە لای دەحەسێتەوە و بە نوکتە و قسە خۆشەکانی دەگەشێمەوە.

کەم کەس هەیە کە بتوانێ کەحێلی هونەر بەزین و بەرگی واژەی زێڕین، وەک ئەو ڕەزاسووکە بڕازێنێتەوە و جڵەویشی بۆ نەرمە غار و ڕمبازێن، لە دەست دا ئەوەندە نەرم بێ کە بە کەیفی خۆی ڕای بدا. بەڵام ئاخ بەرەو کوێ؟

مەلی شێعر دەیباتە ناو کۆڕی دەرسی مەولانای ڕۆم یان بە بەند و داوەوە لە فەلسەفەی ئێگزیستانسیالیستیی سارتری دەهاڵێنێ!؟

لە ژمارەی ٦٣ی گۆڤاری مهاباد دا شێعرێکی دوور و درێژیم بە ناوی "سەفەرێکی بێبڕانەوە" چاوپێکەوت، چەندجارێکم خوێندەوە و چوومە لای خۆیشی، هەرچی کردم ماشەرە ڕەنگینەکەی ئەوەندە ئاڵۆز هەڵکرابوو کە گرێیەکیم بۆ نەکراوە، وەک: «ئەگەر نسێکەم لێ گەڕێ، لە قووڵایی هەڵتۆقینی ڕەشەچاڵی هەر بە تەنیا کلوویەکا، میلیۆن میلیۆن کاکەشانان

هەڵدەقوڵێنم»، «ئەگەر نسێکەم نەبوایە، لە بەر باران هەزار جاران بە هەورێک دا دەهاتمەوە »، «بەهار شین شین دەبێتەوە، هاوین ئازار، پاییز رووتی دەڕوێتەوە زستان بێداد »،« شا کلیلێک رەمزی قفڵی قافیەی بەیتێ بگۆڕێ، پەنجەرەیەک بە دەرکە دا بێتە ژووری و هەزار دەرکە بە پەنجەرە دا دەرباز بێ.»!!!

زۆریان لێ ورد بوومەوە، سەر و خوارم لێ گرتن، هەرچی کردم نە بۆم هاتنە پردێ و نە بۆم هاتنە رێبازێ !!

ئەو شێعرەی خوا لێ خوشبوو "**نیما**"م کەوتەوە بیر کە دەڵێ: میردامادی فەیلەسووف کە دەمرێ، پەریی پرسیار دەچێتە سەر گۆڕەکەی و بە « مَن رَبُک مَن ؟ » دەیدوێنێ، لە وەڵامیشدا شتی سەیر و حیکمەتی وەک: ئوستوقوسسیت و ئوستوقوسسات نەبێ لێی نابیسێ، تێی ناگا و دەچێتەوە لای باری تەعالا و ئەویش دەڵێ:

« تو بدین بنده من حرف نزن
او در آن عالم هم زنده که بود
حرفها زد که نفهمیدم من. »

وا دیارە کاک قاسمیش شوورەیەکی وەهای بە دەوری مانیژەکەی داکێشاوە کە دەیەوێ لە هونەری پڕتاو و جلیت بازی دا هەر تەنیا خۆی خاوەنی ئەو رازە بێ کە دەیزانێ !

نیازم بەرەنگار کردنی شێعری ئەم و ئەو لەگەڵ یەکا نییە، بە بڕوای من ئەوانەی کە لە هونەر دا خۆیان بە لێپرسراو دەزانن، لە

دەرخستنی شێعر و پەخشانیان دا وا بێ کە سووژە و بیر و باوەڕیان لە گرێ کوێرەی واژە و مانا دا نەشاردرێتەوە.

باوەڕ ناکەم گشت بەندەکانی شێعری "خەوەبەردینە"ی کاک سوارەی ئیلخانیزادە بە تەواوی بۆ کەس ساغ بووبێتەوە، بەڵام هەر بە تەنیا جارێک خوێندنەوە،لە ئاوی قەتیس ماوی بێ‌دەرەتان و ئەو کانیاوانەی کە بە کەند و کۆسپ و لارێ دا بەرەو زێ یە و روو بە دەریای شارستانیەت بەڕێوەن، دنیایەک لە ئیستاتیک و دینامیکی کۆمەڵایەتی دەدەن بە دەستەوە، با چەند رستەیەکیشی لە گۆماوی تەعقید دا خنکابن.

پێم وایە کەش و هەوای موغازەلە و بەند و داوی شێعری دوێنێ و هێندێک لە فەلسەفە سەیر و سەمەرەکانی ئەمڕۆ، بۆ هەرێمی ئازارچێشتووی ئێمە نابنە چارەسازی گیر و گرفتەکانی ئابووری - رامیاری تیکنۆلۆژیکیمان.

ئەو هونەرە کاری خۆی دەکا کە برینی زووداوە دڵ تەزێنەکان، بە چەند ئاهەنگ، پیت و واژەی ساکار سارێژ بکا، لاو و پیر و رۆشنبیریش وەها بەرەو پێش هان بدا کە چەرخی مێژووی پێ دەور بگرێ.

دیارە رستەی وەک " سەرت شۆڕکە، ملت کەچ کە " لە نەرمی و لەتافەت دا ناگەن بە رستەکانی شێعرێکی وەک:

«شەونم کە لە سەر رووی وەرەقی گوڵ دەدرەوشێ
عەینەن وەکوو قەترەی عەرەقی روومەتی یارە

سوێسن بە زمانێکی تەڕ و تازە خەریکە
بۆ مەدح و سەنای سانیعی ئەم نەخش و نیگارە»
م. مەلا مارف کۆکەیی

بەڵام کاتێ کە هەیبەتی بیر و هەستی شاعیرێکی ئەمڕۆی وەک پەشێو، ئا بەم شێوەی دەردێنێ:

« سەرت شۆڕ کە
ملت کەچ کە
چاو مەگێڕە بۆ ئەستێرە و ئاسمان و خوا
ئەوەی بستێک زەویی نەبێ
خوا و ئەستێرە و ئاسمانی کوا ؟ »

بەڕاستی بۆ ئەوانەی کە رووناکایی مانگ و ئەستێرەیان لێ دزرابێ، لە سەر زەویی زێدی خۆیان مێرگ و مێرغوزاریان بە رۆژی روون لێ نادیار بێ، تەنیا ئەم شێوە هونەرەیە کە دەبێتە رێنوێنی هەست و باوەڕیان بەرەو ئاوێنەی ژینێک کە هەرمانی تیا دیار بێ.

ئەگەر باسی شێعری رۆژە، با چەند دێڕێک لەگەڵ شاعیر و کەشتیەوانی بەحری بیر و هەستی نەتەوایەتی بدوێین، لە یەکێک لە وانە بە نرخەکانی دا دەڵێ:

« ئێمە تووشی سەد کوێرە رێین
چرای بیرمان گەلێک کزە
هەنگاوی کوێرانە دەنێین. »

بەڵێ:

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسته و کێ بێ بە تەواوی تاقەتی بە گژەبای جم و جوولی کۆمەڵایەتی بشکێ ؟

بە خۆمان نیه کە لە گێژەڵووکەی چاوکوێرکەرەی رامیاری دا کەمە گۆڕانێکی بیر و باوەڕ دێتە پێش و ناشاردرێتەوە.

هونەر ئەوەیە کە خونچەی دڵمان تەنیا بە شنەی شادیی هۆزەکەمان بکرێتەوە.

هێندێک جار و لە هێندێک جێیش ڕەنگە جنێو بە ئیراد نەگیرێ، بەڵام بە داخەوە زیاتر هەر قەزای گۆزە لە دیزە کەوتن بووە و لە جیات ئەوە کە پلاری جنێو بەر تاوانبار بکەوێ، دایک و باوکی بێ تاوان بوون کە تەقاونەوە و بەراو کراون.

ئاشکرایە کە بەشێکی زۆر لە ڕووداوەکان، لە ناو هۆڵی نارەسەنی بانکدارانی جیهانی دا شکڵ دەگرن،دەسەڵاتێکی زۆریش لە دەست دەستێنن.

لە خاکێکی بەر بڵاو و لەت و پەت و پڕ لە شوێنەونکەش دا، پێشرەوانی رامیاریمان کە بە چڕ و لێژێکی بەردەڵانی و لاڕێیەکی پڕ لە مەترسی داتێدەپەڕن، چۆن دەتوانن، تا دوایین هەنگاو بۆ سەرکەوتن و گەیشتن بە ئامانج، بێ هەڵە بن !؟

من پێم وایە هۆی "دانانی هەنگاوی کوێرانە " هێندێک روونە و کەمتر خەتا لە خۆمانە، دەجا وەک چۆن بە وانە جوانەکانی ئەو شاعیرە بەڕێزە بوو، کە منالانی دوێنێ، بالای ورە و ئازایەتیان،

ئەمڕۆ دە لەڕێتەوە، ئێستاش پێویستیان بە وانەی بە هێزترە و با پیر و گەورەکانیش بگرێتەوە، تا بتوانن لە گێژاوی رامیاری ئەم چەرخە دا، بەرەی خۆیان بە نەدڕاوی پێ بێتە دەرێ.

۞۞۞

لە لاپەڕەی ٢٤ی گۆڤاری ژمارە ٦٥ مهاباد دا چاپ بووە.

پاشکۆ

قەوارەیەک کە بۆ بەرگی رەخنە بە باڵای شێعرێک براِبوو، بەشێکی کرا بە کراسی پەخشانێک وەک" چەند هەنگاو لەگەڵ..." ئەم بەشەیشی بە نەدووراوی و کەمێک لێبڕین و تێکردنەوە وەک خۆی نەما، لە تەنز و مەنز بێ پێز کرا و بوو بە بارێک ئیراد لە سەر ئەستۆی خۆم و کفنێکیش بۆ تارمایی:

مەرگ و ژین

لە داوێنی
چڕ و تەلانە کۆیلەکەی
ناو بەندی
هەورێکی نەزۆک
گوڵزارێکە بێ‌رەنگ و بۆ !
دارستانی
بە رواڵەت دەریان داوە گەڵاو چرۆ !!
چ وەرزێکە ؟
کیژۆڵەکان بۆ دەسکەنە و
کوڕو کاڵیش
دەڕۆن بۆ دروێنەی درۆ؟!!
....

ڕێڕەوێکم
حەسانەوەم مەرگ و ژینە !
ڕاستەڕێی ناو خەونەکانی شاری دڵیش
هەوراز و نشێو بڕینە !
....
سەدان سەدەیش کە تێپەڕێ
لە گەڵ پیتی
شین بوونەوەی بەردی بنچینەی ژینەکەم
دیمەنی خۆم
لە ناو گۆمی وشک و تەڕی
سەر ئاگری بادە و شەڕاب
دەردێنمەوە
لە سەردانی ئوقیانووسە بێ ئاوەکەی
بەر هەیوانی
قەڵای دووری کۆنە مێژوو
سێبەرێکیش
لە وێنەکەم دەنوێنمەوە !
دەچم
لە ئیبلیس دەپرسم
بۆ دەرباز بوو

لە دانانی سەنگ و خشتی
مزگەوتەکەی هەرێمی نوور ؟!
بۆ چی
دڵی هەڵدەقرچا
بە وەیشوومەی ناو ئاگری بەحرێکی سوور !؟
....
دەی با لە ئێوەش بپرسم
بۆ نابینن
هۆرەی داری بیری شێتێک
کێوی
فامی فەیلەسووفێک
لە بن بێنێ ؟!
دێوی رەشی داخ و کەسەر
هەچی هەسڵە
بە رووخانی قەڵای فەلسەفە
بمرێنێ !؟
....
گوێتان داوەتە ئاهەنگی
گریان و ناڵەی رەوەیەک؟
سەر قافڵەیان
ئی هەزارەی پێش مامووتە و

ڕۆڕۆیەتی
بۆ ڕووخانی کۆشکی کۆنە خەونەکانی !!
ئەی نەتان دی
مەلێکی ورد قوتاری کا
قووتی خۆی و کۆچەکە وردیلەکانی ؟!
راز و رەمزی لۆکە پیرەم
لە هەر لایێ کە پرسیوە
لاڵ و سڕ بوون
نەیانزانی !
نەیانزانی !
....
ئاخ بۆ ئێوە کە نەتاندی
مێرووڵەیەک
بۆ قاوەڵتوون
چۆن هژدیهای کەوڵ دەکرد !!؟
دەسگیرانە
قەد و باڵا چەند گەزەکەی
بۆ هەتوانی لە چاو نەچوون !!
چەند ملوانکەی مووروەشینەی
لە مل دەکرد ؟!!!
....

خۆزگە زانیبامان
هەتاو
کەی سێبەری خۆی را دەخا !؟
کەی ماندوویێک
بۆ فێنکایی و حەسانەوە
لە بەر کوورەی نێڵدراوی ئاسنگەرێک
پشوو دەدا ؟!
ئاخ و سەد ئاخ
نەمانزانی
کە چۆن ! کە چۆن !؟

☼☼☼

لە ژمارە ٦٦ی گۆڤاری مهاباد دا
لە سەر ویستی کاک عەزیز وەلیانی چاپ کراوە.

بەشی پێنج

- رامان
- تاڵانی دڵ
- تەونی ...
- تیری ئاگرین
- مەیکەدە

✡✡✡

نه له عیرفان دەگەم، بە رازی دەریام کە نەزانی ! خەیاڵیش جێ
هەواری دلدارانی پێ نەدۆزراوە. بۆیە
ئەم بەشە تەنیا بۆ تاراندنی تارماییین له دڵی تەنیا و لەوە زیاتریش
هەر هیچم لێیان نەویستووە، با ئەوەشیان له دەست نەهاتبێ !

✡✡✡

ڕامان

مەڕوانە تیشکی تێکەڵاو
بە هەورە داخزیوەکانی سەر قژ و بەژنی چیا
دە هەستە دەی،
مەوێستە، ڕامەمێنە،
با
لەبەر گەرووی
کانیەکی دەورە داگەڕاو
لە سوورە گوڵ
سەرنج بدەینە هات و چۆی
ئاهۆرایی
چەند ئاسکی سڵ
ئەم جارە گوێ شل شل بکەین
بۆ زەمزەمەی ئاهەنگی دڵ.

✡✡✡

تاڵانی دڵ

هۆ شەنگە بێری
رازداری سرتەی
سوێسن و وەنەوشەی شۆخ و دەستەملان
خاڵە جوانەکەی سەر خونچەی دەمت
شاراوەی شەوی بسکی پەرێشان
لە بەر شەپۆلی
تیشکی رۆژی رووت
ئەمن و ئیمانم
وەها خۆی نواند
تەلەسمی ترسی شەوارە* بوونی
بۆ تاڵانی دڵ
بە جارێ شکاند
ئەو کەمەی مابووم لە عەشقی پیرۆز
تا بە خۆم زانی
ئەویشی رفاند.

*بە هەڵکراوی پارچەمان لە دەوری چرایەکی بە شۆق و رووناک دەهاڵاند و بە تاریکە شەو دەچووینە دۆڵ و دەرەیەکی پڕ لە باڵندە، هەر پارچە لە چرا دەکراوە پەلەوەر کر دەبوون و چاویان بە شەوارە دەکەوت و هیندێکیان بە دەست دەگیران.

تەونی ...

چل چرا و هۆدەی دڵی من؟
ئەی هەوێنی خوێنی مانم
سۆی تروسکەی چاوەکانت
روون ترن لە چرای دیوانم

☼☼☼

سڵ مەبە ساتی ویسالت
نامەوێ بازار و بەهرەم
پێشکەشی بەژنی نەمامت
سەر جەمی کاڵای دوکانم

☼☼☼

گەر هەناری داری باڵات
لێک دەدەن میسراعی سەبرم
سانی بسک و خاڵ و گۆنات
قافیەن بۆ شێعرەکانم

☼☼☼

چم لە ڕێ و ڕەوتی غـەزاڵ و
بـاغ و پـێ دەشتی بەهەشـتم
بێتو ئاسـکی مـێرغـوزارت
بـێـتە بـەر سـێرەی کەوانـم

✡✡✡

گشـتی ئـاڵـۆز و پڵـۆزە
ڕایـەڵ و پـۆی بیـر و هەستم
تۆ بڵێـی ڕۆژێـک بە دەستت
بێـتە کر، تـەونی ژیـانم؟

تیری ئاگرین

نـەورۆزە ئەی تۆ
بۆچ قــەوسی برۆت وا وێک هێناوە
برژانگت
بە پێی بەژنی ژێی کەوان
لە گـەڵ کێـــشاوە
ســێرەت بگۆڕە لـە پـەردەی دڵـــم
بزانـە ئاخـــۆ
تیری نیو نیگات دوای هەزاران جار
کوێی نەپێکاوە؟

☼☼☼

قەوس: ئاخر مانگی پایزیشە.

مەیکەدە

مـــەی و دەفری دەسی ساقی کە ئاڵـــە
بـــە وێـــنەی ئاوی کۆســاڵان زوڵاڵـــە

بە پـیری سـەر چ بوو ؟پـــیری خەرابــات
کـە بادەی بەر دەســـی خۆی کرد حەواڵـە

وەهـــا شێـــوا بە مـــەی نەزمی ژیانـــم
کـــە نازانـــم، نـــە رابردوو! نە حاڵـــە !

دەڵێن بەزمی مەی و مەعشووق و مەیگێڕ
بـە رێ و رەسمی ئەویندارن حــــەڵاڵـە

دەجا ساقی ئەتـۆ و تام و مەزەی مـــەی
بە مـەستیـش هەر کـەرەم کە پیاڵە پیاڵە

هـــەتا ببمە کـــەویی بـەر مەیکەدەی تۆ
ژیـــــانم دوور لە باڵات پــــێ بەتاڵـــە

☼☼☼

١- [بە - وە - دەڵێن - مەی - کە - دە]
لە ئەوەڵی میسراعەکاندا هەن، هێندێکیان دووپاتیش بوونەوە.
٢- ئەم شێوە کارە تەنیا بۆ کوشتنی کاتی وەڕەزی دەبێ.

بەشی شەش

- وەفایی
- لە پرسەی نەمرێکی موکریانی دا

وەفایی

«نامرن ئەوانە وا لە دڵی میللەتا ئەژین»

پیرەمێردی نەمر

وەفاییش کە لە ماڵاواییی یەکجاریی دا بە دەست ئەو سەر بەرزە لە لمی عەرەبستان دا دەنێژرێ، بەرامەی عەتری غەزەلەکانی تەلاری کۆڕ و کۆمەڵی مۆسیقای کوردیی وەها داگرتووە کە بۆنی توندی گلەییی خەڵکیان لە نەبوونی شێعری کۆمەڵایەتی و مێژوویی، نەختاڵێک لێ دوور خستۆتەوە.

بێ سنوور شکاندن و کەوتنە ناو گێژاوی ئەدەبی هەندەران، بێ پەڕینەوە لە خوڕێنایی بەر ماڵانی گوندەکەی گۆران و هێنانی چەپکە گوڵی بەر دەسرێژی خێڵی دوژمنان. گەلێک جار بە ئەسپایی گۆشەیەک لە پەرژینی باغچەی ئەدەبی وەفاییم لاداوە، لە پەنا دێراوە ڕێحانەی یەکجار بە بەرامەو بۆن خۆش دا حەساومەوە و بۆ ماوەیەکیش مەست و کاسی کردووم.

ئەوگوڵزارەی کە وەفایی لە مەزرای دڵداری دا پەروەردەی کردوە، شەختەی هیچ خەزانێک نەیتوانیوە و ناتوانێ گوڵ بڕی بکا.

تێکۆشانی تەنیا بۆ غەملینی مێرگی لەش نەبوە و گوڵزاری شێعری لە هەواری دڵان ڕا پاراو بوون، بۆیە موغازەلە لەگەڵ نووری یەزدان دەکەن.

بەڵام وەک چۆن ناڵی، سوێر و تاڵیی لە خەمی خۆی و عالەم دا چێشتووە، وەفایی هاو چەرخ و هاو سەفەری حاجی تۆفیق بەگی تاریکی شکێنی شەوەزەنگی ئەوسەر دەمەش، کە چۆن بۆتە شەیدای بەر دەرک و دیوانی پەری و پەریزادان، با بە زمانی شێعریش، کە زمانی جم و جووڵی کۆمەڵایەتیی ئەو کاتە بووە، لە دەرد و مەرگ و دوا کەوتوویی وڵاتەکەی کەمێک دوابا !!

هەر نەبا لە چالاکیی پیر و مورشیدەکانی خۆی، چەند بەیتێکی بە سۆزی زەمزەمە کردباو ئێمەیش دەستمان بۆ داری بێ بەری بریا درێژ نەکردبا!

دەنا بەڕاستی وەفایی بەزمانی شێعر دواوە،وەک هەڵوەدایەکی دوای کۆچی دڵدار، لە سایەی نازی چاوبازێکەوە بۆتە رەندی خەرابات و حافز ئاسایی:

«لە لای پیری مەیخانە خەرقەی لە گرێو مەی ناوە»

بە بۆنەی دانـەی خاڵـەوە کەوتۆتە بەندی زولفێکی شێواوو شێتانە دەچریکێنێ:

«چ بکەم لە دڵی سەودایی پەریان دەستیان لێداوە»

ساتێ کە بسکی دڵدار بە باوەشێنی شاباڵی پەریان دێتە شنە، وەفاییش دەبێتە سەوداسەری سات و سەودای راماووسان و بە لێ تێک چوونی سەرکەوتووی سەوداکەش مەستانە تێی هەڵدەکا:

«لەسەر رووت کازیبەی زولفت وەلابە
کە سـادق بـێ تـولـوعـی ئـافـتابە

دڵ و دین هــەر چی بوو قوربانی تــۆ بوو
هــــەتا کــەی ئیـــدی ئــەم ناز و عیتابە
....
....
گوتـــم با قیـمەتی وەســـڵت بــە دڵ بێ
بە ماچێـــکیش لە زاری خـــۆت ڕەزا بــە
کەچـــی فەرمـــووی دڵت نەشـــکێ وەفایی
ئـــەوە ســـەودایە زەرڕێـــکیش حیســـابە»

شارەزایانی شاری شێعریش لێیان ڕوونە کە وەفایی سەبک و زمانی تایبەت بەخۆی هەیە.

سوروشتیشە وەک هەمو شاعیرانی کۆنی ڕۆژهەڵات، دیوانی ئەویش، سێبەری دارستانی شێعری شاعیرانی پێش خۆی لەسەرە.

وەک لە دوو پارچە شێعری "مەستوورە" و "شیرین تەشی دەڕێسێ" دا نالیی نەمر بوێرانە تۆڵەستێنە لە والیی شار و مەستوورەی هاوسەری. وەفاییش وێنەی نەزمی فەلەکیی لە چەرخ و خولی تەشیەکەی شیرین هەڵگرتووە و تەنیا شێوەی هات و چۆی مەکووکی دەستی نالیی لە تەنینی تەونی شێعری مەستوورەدا پێوە دیارە.

من پێم وایە لە پێچاڵی وەفایی دا ریس و هەودای تەشی ڕێسێکی وەک شیرین، کرا بە پۆپەشمینێکی نەخشین، کە ئەگەر

ڕەوا بێ دەستێکی ڕەنگین، چەند تاڵێکی لێ دەراوێ، هەروا تۆزێک کەچایی لێ ببڕێ، پەراوێزی داگرێتەوە و بەدەستی وەستا کەماڵی مەلاکەریمیش بە موعەڕڕەق دەربێ، لە مووزەی مێژووی ئەدەبی کوردەواری دا بۆ هەتا هەتایە دەمێنێتەوە.

لەو بەدەر کێیە بە شەو ڕۆژی لێ گیرابێ، لە دووی کۆچی پیری موغان بۆ کورتی تەمەن حەسرەت بخوا و بە ناکامیەوە دەنگ هەڵبڕێ:

«درێغا عومری شیرینم چ زوو هات و چ زوو ڕۆیی»

هەر بۆیە لەسەر دەستی پیرەمێردێکی سەر بەرزی کوردەواری دا پەیمان دەبەستێ هەر ئەوەندەی مۆڵەت لە تەمەن بوێ، تا لە دیداری دوبارەی دا گیانی شیرین بە تیشکی رووی دڵدار بسپێرێ و نەبێتە ئاخ هەڵکێشی دوای کۆچ و کۆچبار.

لە ژمارە ٧٦ی گۆڤاری مهاباد دا چاپ کراوە.

لە پرسەی نەمرێکی موکریانی دا

قەڵەم ڕەنگە جوان نەگەڕێ
وشەی تەرز و ڕێک و پێکیش
تارا بن
زیز بن
فرێ بن
هەڵاتبن بۆ سەر پەڕێ
بەڵام چ بکەم؟
ئەوینەکەم
شێت و شوورە و دێت بە شەڕێ
هانم دەدا
بۆ نووسینی دەربڕینی هەستی شێواو
ئۆقرە ناگرێ و لێ ناگەڕێ.

دیارە نەمرێک بە ڕواڵەت مردووە و تەرمی پیرۆزی لە مهاباد ناشتراوە، بەڵام یادی پاکی، لە دڵی هەموولاو و پیر و رۆشنبیرێکی وڵات دا جێگر بووە.

بۆیە پرسە، پرسەیەکی گشتی‌یە و تەنیا سەرە خۆشی شارێک یا بنەماڵەیەک نیە.

بۆ یادێک لەم سەربەرزە بێینە سەر لێکۆڵینەوەی نووسراوەکانی. دەزانین کە:

دوان لە پەخشانەکانی ئەو ڕێزدارە وەک "فەرهەنگ"، "مێژوو"، "شەرح" و "تەرجەمە" بەهۆی ناوەرۆکی یەکجار پڕپایەخ و بەربڵاویانەوە، لە توانای کۆڕێکی گەورەی فەرهەنگی، زانیاری و ئەدەبی دایە، کارێکی وەها سووک و هاسان نیە کە تاقە فەردێک بتوانێ ئەو حەستەمە وە ئەستۆ بگرێ.

بەڵام گومان دەکەم بتوانین بە کەم و کوورپیەوە لەبارەی شێعرەکانی مامۆستای هێژامان دا بەم چەشنە بیرو را دەربڕین:

یەکێک لە شێعرە هەرە جوانەکانی "بەرەو موکریان"ە کە لە سەر خوانی زینی ئەسپی خەیاڵ، چالاکانە بست بە بستی زێدەکەی تا سەر سنووری نەمان پێواوە و سەرەنجام فریشتەی هەرمانیش هەر بەرەو موکریانی هێناوە و لە باوەشی بداخ سوڵتانی گرت، لەگەڵ هاواڵی خۆشەویست و یاری سەردەمی سەخڵەتی و دەربەدەریش، بوونەوە هەژار هێمنەکەی جاران و مەلا غەفووری بەسۆز و دڵ بەکوڵیشیان لە ئامێز گرت.

ئەمجار ورد دەبینەوە لە شێعری ۱۹ لاپەڕەی "من و بولبول" کە چۆن بولبول ئەو خشپیلانە ڕەزا سووکە لە خەزانی عومری دا، وتەی ئاوێتەی خەم دەکا و لەگەڵ گوڵ و گوڵزاری بەهاری نادیاری خۆی دەدوێ و لە ئاکامیشدا پێیان شاد و شوکور

دەبێتەوە، بەڵـــام هەژارەکەی کورد بە دڵـــداری خۆی ئاگا و بە ســـرووديکی جوان کۆتایی بە وتار دێنێ و هەرگيز هومێديش لە دڵان دا نامرێنێ.

«بولـــبـــول ئـــەی يارەکـــەی دێرين
خونچـــيلانەی دەنـــووک زێـــڕين
وەبـــيـــرت دێ پـــايـــيـــزی پـــار؟
رەشـــپـــۆشـــی دەشـــت و زەردی دار
گـــژە و گـــڤـــەت لـــە با ديـــبوو؟
هـــەوای پـێش تـــەرمی شـــادی بـــوو
دەيـــدا خـــــشپـــەی گـــەڵاڕێـــزان
خـــەبـــەری مـــــەرگـــی ئازيـــزان
ســـوێســـنـــە و مێلاقـــەی زەرد و ســـوور
بـــوونـــە دەســـتـــەچـــيـــلەی تەنوور
دەگـــريـــای بە بانـــــگ، بـــە هـــاوار
بۆ خـــــونـــچـــە، بـــۆ گـــوڵ، بۆ بەهار
نـــــەم گـــــوت هـــەتا ســـەر وا نابێ
چـــاوت لـــە بـــەزەيـــــی خـــوا بێ»

دەبينين بە هومێد دان بە ژينە کە هەستی جوان بە واژەی چەندە ساکار و پوخت و پاراو رازاوەتەوە.

لە وەرگێڕاوەکانيشی دا ئەگەر گەورەپياوانی وەک خەيام و پووشکين، هەر لەم دنيايەدا بژينەوەو فارسی و روسييان لەبير

نەچووبێتەوە و پەریان دەرسی کوردیشیان دادابن، ددان بەوەدا دەنێن کە بەڕاستیێ هەژاری کورد، وەرگێڕی شێعری مە نیە و هەڵبەستەکانی سەربەخۆ و جیاوازن لە "هەڵۆ" و "چوارینەکان"ی ئێمە. بەڵام هەر یە تەرجەمەی ناو بردوون، چونکە نووسراوە ناوبراوەکان ئەوەندە بەرز و پڕ مانان کە وەرگێڕی هەر گەلێک شانازی بە تەرجەمە کردنیانەوە دەکا.

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم چوارینە:

ئــەم بوون و ژیـانەی هەیە چۆن رووی داوە
ئەم گەوهەرە تا ئێســـتە بە کەس نەسماوە
هیچ کەس نەبووە و نیشــە بە راست بیزانێ
هەر کەس بە خەیاڵ شـــتێکی بۆ هەڵـــداوە

لەگەڵ ئەم چەند بەیتە لە پیرە هەڵۆ:

«کــێ بـــە ســـەربـــەرزی ژیـــابێ تاوێ
ژینی قاڵاوی بـــە پـــووشـــــێک ناوێ
چـــــاوەڕێی مـــــەرگە گـــیان با بـــیبا
پـــــەڕ و بـــاڵـــــم لـــە چـــیا با بـیبا
بــە هەڵـــۆیی کە لە ژین بێ بەش بـــــم
نــەک هــەزار ســاڵـــە قــەلی رووڕەش بم

بۆ شـــتێک ئـــێستە لـــە خـــۆم بێزارم
من، هەڵـــۆبـــۆ چی بـــە تـــۆ بوو کارم »

بە باشـی دەر دەکەوێ کە وەرگێڕاوەیەکی ئاسایی نین و زیاتر ئیلهامە کە هانی بە گوتنیان داوە.

بـەڵـــێ: بـەشـــێکی زۆر لـە هۆنراوەکـانی مامۆسـتای پایە بەرزمان، وەک غەزەلی:

ئـەرێ ئـەی کیژە کوردەی چـاو کـەژاڵـــە
ئەرێ ئەی شـۆخ و شـەنگەی چواردەساڵـە
ئـەتـۆ خـۆت کورد و خوێنی لاوی کوردان
بـە ترکی چـاوی مـەسـتت کرد حەواڵـــە

...

خـۆ لـە قـەرەی شـێعـرە بـەرزەکـان دەدەن، وەک " نـاڵـــەی جودایی"، "بزە" و "جوانی بێنـاو" لە ســەر دڵ دەنیشن و کەسەران سارێژ دەکەن.

وتـار کۆتـایی پـێ بێنین بـە چـەند بەیتێک لە پێشـــەکی یە جوانەکەی "بەرەو موکریان":

« شـــەوە تاریـکە کـش و مـاتـە زەوی
کـەوتـە خـەو کێوی، کـەوی، دار و دەوی
تـــووتـــەک و گـــۆیـــن و کوند و شیارن
رۆژ وچـــانـــیانە بـــە شـــەو پــڕ کارن

شنه بای ورده گوڵاو ئەپژێنێ
پێی سپێراوە گەڵا ڕاژێنێ
ئاگری شوان ئەگرێ لەو دووره
بووکی خێوی شەوە تارای سووره
جار و بارەش کەڵەشێر ئەخوێنێ
بانگ لە ئەستێرە دەکا بیدوێنێ
گەشن ئەستێرە چ بەرزن چ نەوێن
گشتی پێت وایە ئەویندار زەوین
زۆر بە پارێزەوە هەست رادەگرن
بە هۆمێدێکەوە چاو دادەگرن
مانگ ئەوا تازە لە ئاسۆ دەردێ
کۆمەڵێ هەورە سپیلکەی بەردێ
وەک منالی کزی باب ئاواره
چاوەڕێی بوون وەگەڕێ دووباره »

ئێمەش بە تاسەوە چاوەڕوانی بەرهەمە بڵاو نەکراوەکانی مامۆستاین.

☼☼☼

لە گەڵ شێعری پرسەی بەڕێزان: شەریف، ئاسۆ، خالەمین، کاک رحمان قازی و ...
لە سروەی ژمارە ٥٨ی بانەمەڕی ١٣٧٠ی هەتاوی دا چاپ کراوە.

بەشی حەوت

(چەند کورتە پەخشان)

- گەڕانەوە
- کام فەلسەفە
- کام زاراوە
- هەڵە
- دەـلە

گەڕانەوە

نیو سەدەیەک بە سنووری مێژوو دا گەڕابوومەوە کە لە کابرایەکیان دەگێڕاوە:

«دوای ماوەیەک مانەوە لە فەڕەنگ، بێواز بوونی بێ هاواڵی، ماڵاوایی پێ لە کوڕ دەکا. لە گەڕانەوە دا لە هۆتێلێکی شاری ئەستەمبووڵ، تەنیا دیوێکی دوو تەختیی گیر دەکەوێ.

لە هەشت و نۆی شەو دا کە هاو وەتاغیەکەی دێتەوە، هەر وەک فەڕەنگ بە تەکاندانی سەر و دەست، دەیدوێنێ و لە پڕ قسەیەکی لە زار دەترازێ وکابرا دەڵێ:

ئای ئەوە تۆ کوردی ؟ !

- بەڵێ کوردم،

دوای خۆش و بێشێکی زۆر و گێڕانەوەی سەفەری لای کوڕەکەی، دەپرسێ:

ئەی تۆ کوردی کوێیی؟

- خۆ من کورد نیم، جوولەکەی ناو کوردەواریم.

تا نیوە شەو کە تێر قسە نابن، هەر تاو نا تاوێکیش لە کابرای جوولەکە راست دەبێتەوە، ماچی دەکا و دەڵێ:

یارەبیی بە قوربانت بم کافرەکەی وڵاتی خۆمان!»

هەر بۆیە:
«وەک پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور»
بەرەو رووگە و روو بە دڵدار شاباڵ دەبزێون.
بەسەر و سامانێکەوە دەلاڵێنەوە
«داخی تۆم هەر پێوەیە سەد جار دەرم کەی دێمەوە»
وەک راسپاردەیەک
پەریی خەیاڵ دەکەنە سەر قافڵەی کاروان و بۆ«سەیری خاکی موکری»بە شنەی نەرمی شەماڵی دەسپێرن.
یان لە بەر بزۆزی، پەرپوەی هەندەران دەبن و بە ئارامی، «ناڵەیان تێکەڵ بە ناڵەی نەی دەکەن» بۆ ئاهەنگی گەڕانەوەیان.
ئەی دوای گەرمێن و کوێستانێک بە دەربەندێک دا، لە چادر و چیغی هەوارێکەوە، بە چاوی لێکدانەوەی سەدان رەنگی «پەپوولەیەک» تەنانەت هەست بە قوژبنی گیرفانەکانیش دەکەن.
دەنا بە هاتنە سەر شاباڵی هونەر لە ئاسمانی زانکۆ را:
«ئەگـــەر ئەمجارە بێنـــەوە، بە دار گوێـــزە بەرزەکانا هەڵ دەگەڕێن. سەرنج دەدەن گوڵە گەنم چۆن زەرد دەبێ، داب و نەریتی وڵاتان بۆ منداڵان دەهێننەوە.»
ئا ئێستایە کە دڵ واو بە واوی رازە نادیارەکانی هەر شێعرێکی گەڕانەوە لێک دەداتەوە و تێیش دەگا کە خۆ بەقوربان کردنی

جووڵەکەکەی هاوزمانی کابرایش، چ تام و لەزەتێکی بە پێزی بووە،
دەستیش بەرز دەکاتەوە و دەڵێ:
سەربەست بێ ئەو دەڤەرەی کە هەستی خۆشەویستیی زێدی ئاوا
بە هێزە !

☼☼☼

کام فەلسەفە؟

بۆ ئێمەیەک کە زەمانمان تامی تاڵی هەزاران ئاواتی ژێر گڵ نراوی چێشتبێ و بیر و هەستمان بە تاڵاوی مێژوویەکی پڕ لە ئاخ و ئۆف راهاتبێ، کەی رەوایە وەدوای تارمایی "هونەرێک" بکەوین کە بە خەیاڵ لە مەبەستی نووسەرەکانیان دەگەڕێین، یان تەشوێ تاش مانایان بۆ دروست دەکەین!

ئەوە خوداپێداوەکانن کە هەر چەشنە فەلسەفەیەک بهاوێژنە ناو هونەریانەوە، یان بە پێچەوانە هونەریان لە جەوهەری هەر جۆرە فەلسەفەیەک هەڵکێشن، نە ئاو لە ئاو تەکان دەخوا و نە خانووی ژینیان پێی تێک دەتەپێ.

من راه میروم که بدست آورم غذا

خواجه برای هضم غذا راه میرود

بەڵێ: ئەو مەکتەبانەی کە بۆ دەرباز بوون لە بەند و داوی کۆنی هونەری، سەر و گوێی هەچی شێوەی فەلسەفی یە تێک دەکەنەوە، بۆ کۆمەڵگا دینامیکی یەکان یاسایەکی ئاسایین، بەڵام بۆ ئێمەی بێ دەرەتان کە لە گێژاوی رەنجەڕۆیی دا پەلەقاژەمانە، هونەری وەک" ئیسکیپیسم، دوامۆدێرنیسم و ..." ناتوانن سارێژەری برینی دەرد و مەرگی ئەمرۆمان بن. پێشم وایە تەنیا هەر بەو ئاواتەوە ماوین کە رۆژێک بێ و هێزی خامە لە ژێر فەرمانی بیر و ئەندیشە

دا، لە گۆماوی خەم و زووخاو ڕەهامان کا و بەرەو مەکۆی شادی هەنگاو بنێین، ئەو کاتەیە کە دەتوانین سەبک و شێوازی چیایی و ڕەنگاوڕەنگ بۆ جەژنی ژین دەستەمۆ کەین.

بەڵێ لە سەر فەڕشی نەرم و نۆڵی بە ئاوریشمی چین چندراو، بە بێ خەم و خەفەت بە زمانێکی دوور لە ژیان خەون و مەونی دەڤەرە کۆست کەوتەکان بە ئارەزوو لێک دەدەینەوە، خەون هەستی وەها تەنیوین تەنانەت بەری کەکرەی وەلانراوی هەندەرانیش دەکەینە نوقڵی نەورۆزانە و پێشمان وایە بە بەرزایی بەژنی هونەر سەرمان گەیوەتە هەوران و بەم شێوەیە ئەوەی دەیڵێین نایڵێینەوە.

دەریا دەمی شێعری ژینی
بۆ خەونەکان دەکاتەوە
پەپوولەیەک لە گۆمی مەندی ئاگرا
گۆیەن
لە هەرچی باڵدارە
دەباتەوە
برووسکەیە
کە بەحری هەوری ژین دەچرژێنێ و
ئۆرانووس
لەشی ژاکاوی
ئا لەو خوێناوە خەستە دا

دەشواتەوە
ئەو وەرزە وا
کە چۆمی گڕ
سەدان ئاشی پێ دەگەڕا
بەفر
دەبوو بە سۆبەیەک
بۆ ژوورێکی بێ پەنجەرە و
لە سەر تەق تەقە بەردەکان
پۆلوویش
لە چەشنی جەنگەڵێک بۆنی گوڵیان تێ دەگەڕا
پەنجەرەکەی ژووری ئەوین
کە خوێنی ژینی مژتووە
وا دیارە هەر بە دەستی ڕۆژ
خەنجەر لە جەرگی شەو دەدا
پاسەوانی تەلاری گەورەی شارەکەش
بێژنگ بە دەست
ئارام ئارام
کۆی ئەستێران لە کەو دەدا

ح - ف

بێ گومان، هەر پەلێکی لە ژین داتەکاوی ئەم شێعرە مانای تایبەت بە خۆی هەیە، ئەوە زمانێکی فەلسەفیی منداڵانەی دوور لە درۆیە کە دەپرسێ:

ئەرێ داگیرسانی سۆبەی بەفر و زار کردنەوەی دەریا بۆ خەونەکان یان رازی لە بێژنگ دانی کۆی ئەستێران دەبێ چ بن؟

ئەی دوای زانینیان لە بازاڕی هونەر دا چ دەرمانێکن بۆ لە ناو چوونی بە سەدان دەردی ئابووری، کۆمەڵایەتیمان لەم دەورانە کەس بە کەسە دا!

☼☼☼

لە ژمارە ٨٤ی گۆڤاری مهاباد دا بڵاو بۆتەوە.

کام نزاراوه ؟

کار و باری ئابووری و کۆمەڵایەتیی تایبەت بە هەر مەڵبەند و شوێنێک، دەبێتە هۆی پێک هاتنی واژەیەکی زۆر بۆ ئەو شتانەی کە لەو ناوچەیە دا بە بایەخن.

- وەک چۆن لە ناو عەرەب دا، بۆ شێر و وشتر، بەفریش کە لە ناو ئیسکیموو دا وەک ئامرازێک بۆ خانووبەرە،بۆ دانانەوەی داوی راوە گورگ و ورچ، بۆ کەرەسەی رێ و بان و زۆر شتی تر بەهرەی لێ وەر دەگیرێ و زیاتر لە هەشتا واژەیان بۆ وێنە جۆراوجۆرەکانی هەیە.
- لە مێژووی ژاپۆن دا، دەسەڵات داریی توند و تیژی رابردوو بۆتە هۆی پێک هاتنی ئەو رەسمە لە خوازبێنی دا، کە کەس و کاری زاوا ئەگەر دەیان واژەی وەک: بچوک، نۆکەر، خزمەتکار، کار لە دەست نەهاتوو و ... بۆ کوڕ هەڵ نەدەن، بۆ رێز و پلەی بووکیش واژەیەکی زۆرتری وەک: باڵا بەرز، چاو جوان،شیرین زمان، نازەنین و ... نەڕازێننەوە، خوازبێنی سەر ناگرێ. دیارە زانست و تیکنۆلۆژی تا رادەیەک ئەو رەسمەی شل کردووە.
- لە کوردەواریش دا دۆڵ و دەرە و چڕ و تەلان بە بەرد و دار و گژە بایەوە ، بۆتە هۆی پێک هاتنی زیاتر لە سەد واژەی وەک:

هاڕە، هاژە، خرمە، گرمە، نسرتە، ورتە ... بۆ دەنگ کە کاک مەلا سەید ڕەشیدی حوسێنی شتێکی جوانی لە سەر نووسیبوو.

- لە وڵاتی چین دا پیتی ئەلف و بیّ زۆرە و لە زمان ناسی دا بە ئیراد دەژمێردرێ، بەڵام تەنانەت بۆ دەنگی باڵی باڵندەش پیتی تایبەت بە خۆی هەیە.
- لە دورگەیەکی ئەندونۆزی دا، قەومێک دەژین کە نیو سەدە لەمەو بەر، سپی پێستیان ڕاو دەکرد بۆ خواردن. کۆمەڵ ناسێکی وەک "مارگرێت مێد" ی ئەمریکی کە بە پارێزەوە چۆتە ناویان، هۆی کارەکە بە زوڵم و زۆرێک دەزانێ کە لە سپی پێستانیان دیوە. لە بەر ئەوە پێی هەر غەریبەیەک بکەوێتە ناو دورگەکەیانەوە، چیی پێ ناچێ کە بە ئیما و ئاماژە، ورد و درشتیان هەست بە بوونی بێگانە دەکەن لە وڵاتەکەیان دا، کە ئەوەش خۆی شێوە زمانێکە.
- ڕستەی زۆر کورتی وا لە زمانی ئیسکیموو دا هەن کە بە چەندین دێڕی ئینگلیزی و فەڕانسی ماناکەیان تەواو نابێ.

زمان بۆ گەیاندنی پەیامە بە گوێگر، هەڵتەکاندنی شان، لێو هەڵقرچاندن و چاو تێک نانێک مانای وا دەگەیەنن کە بە زمانی ئاسایی قەت دەر ناکەون:

حرف و صوت و گفت را بر هم زنم
تا که بی این هر سه با تو دم زنم

دیارە لەو شێعرە دا مەولانا بە ڕێی عیرفان دا دەڕوا،بەڵام لە ناو هیندێک لە زمانە نەناسراوەکان دا بە بێ عیرفانیش، بێ زمانی خۆی زمانێکە.

☼☼☼

سەرچاوە:

پۆلی کۆپی یەکانی ڕشتەی کۆمەڵناسیی دانیشگا تارانن کە بە داخەوە لە لام نەمابوون کە ناویان بەرم، ئیرادیش وەک تیخەڵەیەکی کول لە سەر ئەستۆمە.

☼☼☼

هەڵە

پێم وابوو کارێکم کردووە کە هیندێک لە پەندی پێشینیان بەم شێوەیە دەسکاری بکەم:

مەسەلێکە ومن پێم وایە
بە بەژنی کوردیان بڕیوە

بە پیاوی چاو چنۆک دەڵێن:
«وەکوو کوردی دۆ نەدیوە»

ئەی بۆ ناڵێن کوردی فەقیر
لە دۆ زیاتر چی دی دیوە!

دوای لێ ورد بوونەوە بە کارێکی ناڕەوام زانی کە گوڵزاری ئەدەبی پێشینیانمان بە لێکدانی قەڵەمی نالەباری ناشارەزایەک بشەمزێ.

لە ناوەڕاستی سەدەی چوارەمی کۆچی دا شاعیرێکی کوردی دەرباری ئەمیرانی سامانی، لە سەر دانێکی مەوتەنی خۆی دا ماوەیەکی زۆر دەمێنێتەوە، هۆی مانەوەیشی بە شێعر دەکا بە نامە و بۆ وەزیری دەرباری دەنێرێ، کە ئەمە بەیتی ئاخریەتی:

بخارا خوشتر از لوکر، خداوندا همی دانی
و لیـــکن کُرد نشکیـــبید از دوغ بیـابانی*

ئەم بەیتە ئاوێنەی تەواو باڵای نواندنی مانای ‹‹کوردی دۆ نەدیوە››.

لۆکەرانیی شاعیر، ئەوەندە تامەزرۆی دۆی مزری مەوتەنەکەی بووە کە خۆشترین شار و بارەگای ئەو سەر دەمەی بۆ بەجێ هێشتووە، هەر بۆیە دوو پاتی دەکەمەوە:

کە بە راستی نابێ باخچەی پڕ گوڵی فۆلکلۆریمان، بە درمغی نالەباری ناشارەزایان بشەمزێ.

۞۞۞

* لە کتێبی «کرد و پیوستگی نژادی او» دا هەموو شێعرە کە هەیە.

دە – لە

لە بەر خواجانەکانی دانیشکەدەی ئەدەبیاتی دانیشگا تاران، چەند برادەرێک لە سەر (دە – لە)کێشەیان بوو کە:

دەو شارە دا یا لەو شارە دا، دەو ژوورە دا یا لەو ژوورە دا.

کامیان راستە و کامیان هەڵەیە. کێشەو هەرا توند بوو. منیش دەبوو بڵێم:

هەرا لـە سەر دە یە و لە یە
بۆ برانــەوەی ئەم کێـــشەیە
بە من دەکەن بێ سێ و دوو
سەی پێــوەنێن بــەو دەولەیە*

☼☼☼

دە = (در)ی فارسی
لە = زیاتر (از)ی فارسی
کە لە موکریان ترازای هەر (لە) دەبیسی و لە وەرگێرانیشی دا بە فارسی لێت ناشێوێ.

بەشی هەشت

- کام نەتەوەین
- بی نام
- دست حسد
- نوای غم

کام نەتەوەین؟

کە دەیگرن لێی دەپرسن:
کوڕە ناوت ؟
- ناوم سەدیق، فامیلیشم خاتەمییە
: لەکام نەتەوەی ؟
- نازانم.
: چۆن نازانی ؟
- چونکە خوێندنم بە فارسی بووە، بە تورکی ئاڵ و وێر دەکەم،
وت و وێژم کوردی و دوعا و نوێژیشم بە عارەبی یە.
تۆ پێم بڵێ من چ تیرەیەکم ؟!

☼☼☼

بۆیە ئەم بەشە کەمەم بە زمانی خوێندنم کە فارسیە، پێشکەش کردن.

بی نام

برون از هاله ای
بر دور رؤیاهای رنگارنگ
امواجی است
از تکرار تمرین شقاوتها
که میکوبند بر لوح دل ریشم
نمی دانم!
مگر قلبی
که بالا پوش اندام شهامت بود
پوسیده است؟!
که در دستان کابوسی است
سرد و بی سخن
" از خویش بی خویشم"؟!

....

نمادین پیکری
از جوهر جرات بباید ساخت
که بردارد
طلسم وهم و وحشت را
به کلی از بر و پیشم

دست حسد

زمهریری است
که در وادی طولانی شب
شبح تیره و نامرئی **دل**
تیغِ آلوده به زهر حسد اندر کف دست
بنگاهید
نهاد دل مرموز سیاه
می زند شاهرگ گردن دلها را
آه
اینچنینیم در آغوش تباهی،
افسوس
که اسیریم و
در اقلیم سیاهی محبوس

واژه‌هایی را به امواج بحر سبک عراقی سپردیم که در ساحل، نیمه جان لاشه‌ای را یافتیم به نام:

نوای غم

چون نگاهی رهگذر بر چند و چونم کرد و رفت
بـر ره عشـقی پریـشان رهنمـونـم کرد و رفت

قطـــب افلاک فـنون اندر فصـول درس عشق
با رمـــوز چنـــد سـطری آزمونـم کرد و رفت

عـــزت است آری که جانان با عطای نکهـتی
همـــــدم عشـاق بیـدار قرونـــم کرد و رفت

آمـــد و در هم دریـد آن پــردهٔ اســـرار دل
از در و کاشـانهٔ خویـــشم برونـم کرد و رفت

می نـــدانم یافتن دل را که همچون واله ای
با عروجـــش راهی کوی جنـونم کرد و رفـت

مـــن اگر آهنــــگ شیون را نــوازم، آن صنم
از نواهـــای حـزین غـــم، فزونـــم کرد و رفت

☼☼☼

بەیتێکە لە عارفنامەی ایرج میرزا

سیاسـت پیشـگان در هـر لباسـند
بـه خـوبی همـدگر را میشناسـند

سیاسـەت چـی ئـەگـەر لێکـیش نـەدیون
هـەموویان یـەک لـە زاری یـەک تفیـون

چەند دێڕێکی لێک نەبان

- کۆچ
- ئەگەر
- رابوون
- اقبال
- خێل
- ئازەری چ زمانێکە؟

کۆچ

تیشکی نیونیگای پەریی شێعری جوان
دەدرەوشا لە سەر لاجانگی گوڵان
دیبووی کە ئێمە کز و پەشێوین
ببوە پەرپوەی چیای نیشتمان

شکۆیەک کە بەو پەریە درا بوو
نەخش و نیگاری تەونی خودا بوو
بە بڕوای پاکی ڕێبوارانی شەو
شەبەقی وە بەر دڵان هێنا بوو

ئێمەی خەواڵووی جەنگەی خۆرهەڵات
پێمان نەزانی چی لێ بە سەر هات
تا شوعلەی لە سەر پەردەی مێرغوزار
بکەین بە بەرگی بووکێنیی وڵات

بە قسەی هەڵاڵان دەمێک بوو پەری
وەک کیژی سرک و سڵی کۆچەری
« هەر کۆچ کۆچی بوو *» وا دوور کەوتەوە
بە مانگ و ساڵیش نایێ خەبەری

پێم وا بـــوو پـەری وا لـە سـەر دڵان
بۆتە ئـاودێـری گوڵـــزاری یـەزدان
بــەڵام بـەینێـکە دڵـــداران دەڵـێـن:
کـەشتـیەوانێکە لـــە دەریـــای هەرمـان

خـۆزگە بـای شـەماڵ خۆی ببـزوێنـــێ
لــە لای پـــەری را پەیـــامێک بێنـــێ
بە ئیمـــزای خێوی ســـوبحی ئـــازادی
ئێمـــەی خەواڵـــووی پـێ راپـەڕێنـــێ

تاکــوو هەمیسـان ئەو پــەریە جـــوانـە
کـە سۆی تروسـکەی دیدەی دڵانـە
نیـــونیـــگایەکی بێتـــەوە ســـەرمـــان
بـــۆ کـــۆچ کردنیــــش نـەیبێ بەهانـە

هەتاوی ١٣٧٥

* هەر کۆچ کۆچت بوو، کۆچت کرد بە راست
ئاخـــری کۆچت کرد ماڵاوات نەخـــواست

فۆلکلۆر

ئەگەر

کە حێـلی پەل لە سەر هەوران، لە مەیـــدانی جلیــت بازی
بە بێ سواری بەهەڵمەت قەت بە پـــڕتاو و بـە تـــین نابێ

لە بەر کانیــاوی کۆشش دا، زەوی و زاری ئەمــەل، نەڕوێ
گوڵی شادی لەسەر سیـــنگ و بەرۆکی بـووکی ژیـــن، نابێ

لە سەحرای رووتــەنی بێ ئاوی ئـێـمەی بـێ دەس و داماو
پەلی هیـوا بە سوێراوی گڕاوی "خـــۆزگە"، شـــین نابێ

☼☼☼

ڕابوون

ساتێ هات لە سای داری ئازادی
بوو بە زەمزەمەی ئاهەنگی شادی

پەلێک لەو دارە بە یاران بێژن
لە سەر مەزارم وەهای بنێژن

ریشەی بێتە سەر کاژەڵەی سەرم
تا پەپوولەی ڕۆح بێتەوە بەرم

بەڵکوو بۆ ساتێ لەو خەوە ڕابم
لەگۆڕی تەنگا پێی ئاشنا بم

بۆنی شێعری سەر مەزاری مامۆستا هەژاری لێ دێ.

☼☼☼

اقبال

آدم از بی بصـــــری بندگـــــی آدم کرد
گوهـــری داشت ولی نذر قبـــاد و جـــم کرد

یعنی از خـوی غلامی ز ســگان خوارتر است
مـــن ندیدم که سگی پیش سگی سر خم کرد

اقبال

☼☼☼

له بەر جوانی مانای، نەمڕوانیە کەم و کووڕیی کێش و قافیە لە وەرگێڕانی دا.

زۆر ســەیرە بەشــەر ئــەوەندە شــانی داخا
فەڕشـــــی شەڕەفـــی لە بارەگای جەم ڕاخا

یانـــی لە سەگیــش کەمتـرە ڕێزی ئیـــنسان؟
کــەی سەگ بووە بۆ سەگ سەری تەعزیم داخا

☼☼☼

خێل

«کارۆ» کچی نەدار و دارای لە چەند دێڕ دا بە ناوی «لوچ»هەڵسەنگاندووە، با بە کوردی کێش و قافیەیشی هەبێ. لە درێژ کردنەوەیشی دا، کوڕ باشتر دەگونجا لە کچ.

✡✡✡

بازرگانێکی ساماندار
رووی کردە پیاوێکی نەدار

کە تۆی وەها بە هێز و تین
لە بەر چی نەبانی لە ژین؟

بیستوومە کوڕێکت خێلە
گۆیا نەختاڵێکیش گێلە!

کوڕی گەورەی منیش وایە
هەر چی بێ کاری خودایە

زۆر ئیرادە لای ئەم و ئەو
بۆ زمانت شل کەی جڵەو

گـوتـــی دیـارە کـوڕی نـــەدار
گێـــلە لە بەر چـــاوی نەیـــار!

دەزانی چەند لە یەک دوورین؟
لە گوێـن خەڵــووز و کافوورین

ئی تۆ هـــەچی کۆشـکی جوانە
ئـــــەوەی وا لە بـــەر دڵانە

پارەی بە بەستـــەی نەژمێـرا و
میـــوەی تورتـــی زەویی تێـراو

چـل چرای حـــەوشـە و بارەگا
کە شـــۆقیان بە کەیـــوان دەگا

ئـەوەن ئەو دەیبیـــنێ بە دوان
سەر خۆشـــە، شادە بە هـەمۆان

کەچی جەناب، خێـــلەکـەی من
لە گـەڵ شـادی بوون بە دوژمن

هەچـــی هاوڕێـــی کوڕەکـــەمە
قورِوەســـەری و دەرد و خـــەمە

خێـر و بێـــری خــوای نەدیوە
چــارە نــووس جــەرگی بڕیوە

دیـوی نزمـی تاریـــک و توون
پیــــوازاوی بـــێ تام و روون

نـاو چـــاوی تاڵـی خاوەن کار
پێـــــدادانی تـــەوس و پلار

تیتـــۆڵی چۆغـــەی هەڵـدڕاو
نالـــەباریـی پیــنەی پێـڵاو

یەک بە دووی بـۆ نایـەنـە ژمار
لێی دەبـــن بە یـــەک بە هەزار

کە دەیشبـێـتە چلـەی زستان
کـوچە و کـۆڵانـە و ورکـە نان

منالـــیش یەکتـر قاو دەکـــەن
دێن و گاڵتەی بە چاو دەکـــەن

بـۆیـــە دڕدۆنـــگـم لـە ژیـان
هیـــــوادارم بــە دڵ و گیـان

دەور و دوکـــان وا نـەمـێـنێ
گەنجی ئێمەش جوان بنوێـنـــێ

١٣٥٤ هەتاوی

ئازەری چ زمانێکە؟

دەزانین کە زمانی تورکی لقێکی گەورەیە لە رشتەزمانی ئۆڕاڵ ئاڵتایی و نزیکەی سی چلساڵێک دەبێ بە بێ لێک دانەوە و هەروا رەمەکی بە "ئازەری" ی ناو دەبەن. هۆی ئەم هەڵەیە بە بۆچوونی من ئەوەیە کە بەشێکی زۆر لە زانا و نووسەران جیاوازی نێوان دوو زمانی تورکی و ئازەرییان لێ روون و ئاشکرایە. بەڵام لەبەر تەوس و توانجی هیندێک رەگەزپەرست و زبان شڕی گاڵتەکەر بە زمانی گەلان، بە داخەوە لە روون کردنەوەی ئەم هەڵە گەورەیە خۆ دەپارێزن!!

ئەمڕۆ خەڵکی ناوچە لەگەڵ رێزنان لە زمان و داب و نەریتی یەکتر، سەربەرزانە شانازی بە زمان و ناسنامەی خۆیانەوە دەکەن، وەک چۆن شەهریار لە بەندێک دا دەڵێ: حەیدەربابام بە زمانی شیرنی تورکی بۆ زێدەکەم رازاندەوە.

پێم وایە کوردی هەر شوێنێک بە ئاگری- ئازەری- ئایری یان ئاوری ناو بەرین، جێی خۆیەتی چونکە ئەم واژانە گشتی کوردین نە هی زمانێکی تر.

لە بەر ئەوە کە لە هیچ کتێب و گۆڤارێک دا، شوێنی ژیانی ئازەری زمانەکان نەکەوتۆتە بەر چاوی من، بە پێویستم زانی ئەوەی کە خۆم راستەوخۆ دیومە و لە یادم ماوە بە کورتی بیخەمە بەر چاو:

لە ساڵی ٥٤-١٣٥٣ی هەتاوی دا لە زانکۆ تاران بەشی کۆمەڵناسیی لە کلاسێک دا بۆ لێکۆڵینەوە و کار و باری مۆنۆگرافی بەش بەش بووین. چەند هاورێیەکمان کە لێکۆڵینەوە لە سەر زاراوەیان بەرکەوتبوو بەرەو ئەو شوێنە رۆیشتن کە ئازەری زمانی لێ دەژیان، دوای کۆبوونەوەمان لە رووی نۆت هەڵگرتن و ئەو شریتانەی کە پڕیان کردبوونەوە ناوچە و زمانەکەیان بۆ شی کردینەوە کە لە ئارشیوی زانکۆ دا دەبێ مابن. ئەوەی لەم بابەتەوە من لە یادم ماون دوو بەشن بەم شێوەیە.

١- ناوچەکەیان:

لە دەور و بەری شاری " زنووز" زیاتر لە پەنجا گوندی ئازەری زمانی لێیە کە ناوەندەکەیان ئاوایی "هەرزەنتات"ە و لە شاری مەرەندی ئازەربایجانەوە بۆی دەڕۆی. چەند گوندێکیشیان کەوتوونەتە لای ئاستاڕا. لە ئاواییەکانی سەر بە تاکستانی نێوان

زەنگان و قەزوێن بە "تات" ی دەدوێن. ئەویش هەر دەبێ زاراوەیەک بێ لە زمانی ئازەری.

٢- وت و وێژ و ئاخافتنیان:

لە نووسراوە و نەوارەکان دا بۆمان دەرکەوت کە واژە و رستەکانی ئازەری نزیک بوون لە کوردی، لوڕی و گیلی، هیچ پەیوەندی بە زمانی تورکییەوە نەبوو.

بە باشم زانی کە ئەم روون کردنەوەیە بخرێتە بەر چاوی خوێنەرانی بەڕێز کە چیی تر ئەم هەڵەیە دووپات نەبێتەوە.

لە ژمارە ١٥٢ی گۆڤاری مهاباددا کەمێک بەربڵاوتر بڵاو بۆتەوە.

تەرجەمەی شیعرێکی شەفیعی کەدکەنی

«دەریا»

ئێرەی ناپەم بە ئەو زەلکاوەی
لە کۆشی خەودا، کش ومات ماوە
دەریام وپەڕوام لە تۆفان نیە،
دەریا عومرێکە خەوی شێواوە

«جەلال مەلەکشا»

ئاواتێک

کە ئاوردووی
دارستانی شێعری کۆن وتازەی گەلم
بەسەریەکا کۆکردەوە
بەگڕی دەستەچیلەی هەڵبەستێک
بوون بە ئاگر
بۆ وەجاخی لەمێژینەی کووژاوەوە
لە خەونێکا
ڕووناکایی ئەم مەشخەڵەم
بەمزگێنی
بۆ زەردەشتی خاوەن وەجاخیش بردەوە

«سەید ئەحمەد حەسەنی فەرد»

«مەودا»

بۆ شکۆفەی گەشی بەهار
باسی خەزان:
لە باوەشی گەرمی ژینا
توانەوەیە
بۆ گەڵای زەردی پاییزی
باسی بەهار:
ئەفسانەیە
ئا ...ی سروشت دەس بە داوێنتم
سەودای وەرزەکانت کورتە.

«مارف ئاغالی»

وەفایی

سەید ئەحمەد حەسەنی‌فەرد

نامرن ئەوانە وا لە دڵی میللەتا ئەژین

پیرەمێردی نەمر

وەفاییش کە لە ماڵاواییی یەکجاریدا بە دەست ئەو سەربەرزە لە سەر عەربستاندا دەنێژرێ بەرامەی عەتری غەزەلەکانی تەلاری گۆر و گۆمەلی مۆسیقای کوردیی وەھا داگرتووە کە بۆنی توندی کەنەیی خەڵکیان لە نەبوونی شێعری کۆمەلایەتی و مێژوویی، نەھێڵێت لێ دوور خستۆتەوە

بێ سنوور شکاندن و کەوتنە ناو گێژاوی ئەدەبی هەندەران، بێ بەرینەوە لە خۆرێنایی بەر ماڵانی گوندەکەی گۆران و هێنانی چەپکە گوڵی بەر دەسرێژی خێڵی دوژمنان: گەلێک جار بە ئەسپایی گۆشەیەک لە پەرژینی باغچەی ئەدەبی وەفاییم لاداوە، لە پەنا دیزاوە ڕیحانەی یەکجار بە بەرانە و بۆن خۆش‌دا حەساوەتەوە و بۆ ماوەیەکیش مەست و کاسی کردووم.

ئەو گوڵزارەی کە وەفایی لە مەزرای دڵداری‌دا پەروەردەی کردووە، شەختەی هیچ خەزانێک نەیتوانیوە و ناتوانێ گوڵبەری بکا تێکۆشانی تەنیا بۆ عەسلینی مێرگی لەش نەبووە و گوڵزاری شێعری لە هەواری دڵ‌را پاراو بوون، بۆیە موغازەلە لەگەڵ نووری یەزدان دەکەن

بەڵام وەک چۆن زمانی نالی، سوبر و تالیی لە خەمی خۆی و عالەمدا چێشتووە، وەفایی هاوچەرخ و هاوسەفەری حاجی تۆفیق بەگی تاریکی‌شکێنی ئەو سەردەمەش، کە چۆن بۆتە شەیدای بەر دەرکە و دیوانی پەری و پەریزادان، با بە زمانی شێعریش، کە زمانی جموجووڵی کۆمەڵایەتیی ئەو کاتە بووە، لە دەرد و مەرگ و دواکەوتوویی وڵاتەکەی کەمێک دوابا!!

هەر نەبا لە چالاکی بیر و مورشیدەکانی خۆی، چەند بەیتێکی بە سۆزی زەمزەمە کردبا و ئێمەیش دەستمان بۆ داری بێ بەری بریا درێژ نەکردبا!

دەنا بەراستی وەفایی بە زمانی شێعر دواوە، وەک هەڵوەدایەکی دوای کۆچی دڵدار، لە سایەی ساری جیاوبازبنەوە بۆتە ڕەندی خەرابات و حافز ئاسایی: «لە لای پیری مەیخانە خەرقەی لە گرێو مەی ناوە»

بە بۆنەی ئانەی خاڵەوە کەوتۆتە بەندی زوڵفێکی شێواو و شێتانە دەچریکێنێ: «ج بکەم لە دڵی سەودایی پەریان دەستیان لێداوە»

ساتێ کە بسکی دڵدار بە باوەشێنی شابالی بەریان دێتە شنە، وەفاییش دەبێتە سەوداسەری سات‌وسەوداى ڕنووسان و بە لێ تێکچوونی سەرکەوتووی سەوداکەش مەستانە تێی هەڵدەکا:

دڵە سەر ڕووت کازیبەی زوڵفت وەلابە
کە سادق بێ تولوعی ئافتابە

دڵ و دین هەرچی بوو قوربانی تۆ بوو
هەتا کەی ئیدی ئەم ناز و عیتابە
....
....
گوتم با قیمەتی وەسڵت بە دڵ بێ
بە ماچێکیش لە زاری خۆت ڕەزا بە
کەچی فەرمووی دڵت ئەشکێ وەفایی
ئەوە سەودایە، زەڕڕێکیش حیسابە»

شارەزایانی شاری شێعریش لێیان ڕوونە کە وەفایی سەبک و زمانی تایبەت بە خۆی هەیە.

سورووشتییشە وەک هەموو شاعیرانی کۆنی ڕۆژهەڵات، دیوانی ئەویش، سێبەری دارستانی شێعری شاعیرانی پێش خۆی لە سەرە

وەک لە دوو پارچە شێعری "مەستوورە" و "شیرین تەنی دەرێسی" دا نالی ئەمر بوێرانە تۆلەستێنە لە والیی شار و مەستوورەی هاوسەری وەفاییش وێنەی نەرمی فەلەکی لە چەرخ و خولی تەنیەکەی شیرین هەڵگرتووە و تەنیا شێوەی هات‌وچۆی مەکۆکی دەستی نالی لە تەنینی تیەی شێعری مەستوورەدا بیوە دیارە

من پێم وایە لە بێچالی وەفاییدا ڕیسمی و سەوداى تەنی‌ڕێسێکی وەک شیرین، کرا بە بۆیەشندمینێتی ئەمنسین، ئەگەر ڕەزا بێ دەستێکی ڕەنگێن، چەند تالێکی لێ دەرێژی، هەروا تۆزێکە کەچابی لێ بسرێ، پەراوێزی داگرێنەوە و بە دەستی وەستا کەمالی غەلاکەریمیش بە موعسەرڕەق دەربێ لە مووزەی مێژووی ئەدەبی کوردەواری‌دا بۆ هەتا هەتایە دەمێنێتەوە

لەو بەدەر کێیە بە شەو ڕۆژی لی گیرابێ، لە نووی کۆچی پیری موغان بۆ گۆڕی تەمەن حەسرەت بخوا و بە ناکامییەوە دەنگ هەڵبڕێ: «دریغا عومری شیرینم چ زوو هات و چ زوو ڕۆیی»

هەر بۆیە لەسەر دەستی پیرەمێردێکی سەیر بەرزی کوردەواری‌دا بەیمان دەبەستی هەر ئەوەندەی مولتەی لە تەمەن بوێ، تا لە دیداری دووبارەی‌دا گیانی شیرین بە ئیشکی ڕووی دڵدار ببێنێ و ئەمینە نساخ هەڵتێنی دوای کۆچی کۆچبار

وێنەی وەفایی و نیشانەی سەر شیعری پرسیار، لە کارە بەنرخەکانی کاک جەعفەری قازین. یادی پیرۆز بێ.

✿✿✿

چەند بەرهەمێک لە نووسەر:

١- "لباس کردی" ٧٨ لاپەڕەی تایپ کراو بە وێنەوە مۆنۆگرافیەکە کە لە کتێبی (منابع و ماخذ عشایر ایران به فارسی) کۆ کراوەوەی دانیشگا تاران دا بە «منبع» هەڵبژێردراوە.

٢- ئەلف و بێی کوردی بە شێوەی باغچەبان کە لە ساڵی ١٣٥٨دا کۆڕێک بووین لە سەر ویستی (فرهنگ و هنر)ی مهاباد لە دەورانی سەرپەرشتی کاک رەحمانی وەهاب‌زادە دا کارێکی چوار مانگیمان لەسەر کرد...

کە نزیکەی ٥٠ لاپەڕەیەکم لەسەر نووسیوە.

٣- (شجره نسب قوم مامش) مۆنۆگرافی‌یەکەکە هەرکات نوێ بکرێتەوە، دەزاندرێ ئەو شوێنە چەندە لە شارستانیەت نزیکە. (٣١ لاپەڕە)

٤- چەند مەقالەیەکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ هیندێک لە شێعری رۆژ کە تەنیا تیف تیفەیان ماوە، بۆ بڵاو کردنەوە.

٥- کۆکردنەوەی دیوانی (مرحوم کوکەیی) لە ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی‌دا کە...

✿✿✿

مهاباد
مرکزنشرفرهنگی هیوا
خیابان حافظ

ISBN:978-964-7970-98-3

9 789647 970983

نرخ: ١٠٠٠٠ تمەن